گـۆڤـاری زانـکۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(6).Paper23

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٤/٠٨/٢٠
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٤/١٠/٢٤
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/١٢/٢٩

# هاوسەرگیری قەدەغەکراو"محارم" لەکۆمەڵگەی ئێرانی کۆندا

# لە (ئیلامەوە تا کۆتایی دەوڵەتی ساسانی)

**شالاو مصطفى عبدالرحمن[١] - شاناز ابراهيم محمود[٢]**

shalaw.mustafa@uor.edu.krd shanaz.ibrahm@uor.edu.krd

[١+٢] بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

هاوســەرگیری قەدەغەکــراو، یەکــێکە لەپرســە بــاوە کــۆمەڵایەتی و کلتوریەکــانی مێــژوی کــۆنی ئێــران، بــابەتێکە بــۆتە جــێگەی مشــتومڕی تــوێژەران و دابەشــی چەنــد دەســتەو تــاقمێکی کــردون، لەنێــو کولتــوری شارستانیەتەکانیشــدا جیــاوازی هەیە لە پێناســەکردنی چەمکــی (محــارم) ئەم جــۆرە هاوســەرگیریە لە دەقە ئاینیەکــانی ئاڤێســتاو بەزمــانی پەهلەویــش بە (خــوئین ودثــە) ناســراوەو لەنــاو خــانەوادەی شــاهانەدا بەدرێژایــی ســەدەکان و دوای هــاتنی ئــاینی مەســیحی و تــا کۆتــایی دەوڵەتــی ساســانی و دواتــریش ئیســلام خواســتی لەســەر بــوە،بەڵام بە هــاتنی ئەم دو ئــاینە بەتەواوی کــاڵبۆتەوەو کۆتــایی پێکهــاتوە، جــێگەی ئامــاژەیە ئەم پرۆســەیە لەژێــر کــاریگەری بیــری ئەفســـانەیی و ئاینیـــدا ئەنجامـــدراوە و هۆکـــاربون بـــۆ بڵاوبونەوەشـــی، هەریەک لە دەوڵەتە کۆنەکــانی ئێــران (ئیلامــی و هەخامنیشــی ئەشــکانی و ساســانی) ڕەوایەتیــان پێیــداوەو بەهۆکــاری پاراســتنی خــوێنی پیــرۆزو مــانەوەی ســەروەری لەنــاو بنەمــاڵەی شــاهانەیان زانیــوە، پاشــاکانیان لەگەڵ دایــک و خوشــک و کچەکانیــان هاوســەرگیریان ئەنجامــداو، دواتــریش بەهــاتنی ئــاینی زەردەشـــتی[1]، موغـــانی ئـــاینەکە، زیـــاتر ڕەوایەتیـــان بەم جـــۆرە لە هاوســـەرگیریە داوەو بە (هاوســەرگیری پیــرۆز) پێناســەیان کــردو، ئەمە ســەرەڕای ئەوەی دەقە ئەفســانەیەکان کــاریگەری و

ڕۆڵــی تایبەتیــان هەبــو لە درێــژەدان بەم پرســـە، هەرچەنــدە لە دەقە ئاینیەکانــدا وەهــا هــاتوە کە زەردەشـــت وەکـــو پەیـــامبەری ئـــاینەکە لەگفتوگۆیـــدا لەگەڵ خواوەنـــد(ئاهوڕامزدا) ئەم جـــۆرە لە هاوســـەرگیرییەی بە پڕۆســـەیەکی نەشـــیاو زانیـــوەو ڕەتیکـــردۆتەوە بەڵام پیـــاوانی ئـــاینی و ئەفســانەکان کــاریگەر و جێدەســتیان لە درێــژەدان بەم هاوســەرگیریە تــا کۆتــای دەوڵەتــی ساســانی جێهێشـــتوە و لەنـــاو شارســـتانیەتیەکانی ئێرانـــی کـــۆن دەبینـــرێ، تـــوێژینەوەکە بەناونیشـــانی هاوســەرگیری قەدەغەکــراو،) لەکــۆمەڵگەی ئێرانــی کــۆن لە (ئــیلامەوە تــا کۆتــایی دەوڵەتــی ساســانی)، تـــوێژینەوەیەکی شـــیکاری، مێـــژوییەو لە ســـێ تەوەری ســـەرەکی پێکهـــاتوە: (تەوەرەی یەکەم: تێروانینێــک بــۆ هاوســەرگیری قەدەغەکــراو، بەگشــتی و لەنــاو ئەفســانەکانی ئێرانــی کــۆن بەتــایبەتی، تەوەرەی دوەم: هاوســـەرگیری محـــارم) لەنـــاو دەوڵەتە فەرمانڕەواکـــانی ئێرانـــی کۆنـــدا (ئـــیلام، هەخامنیشـــی، ئەشـــکانی، ساســـانی)، تەوەرەی ســـێیەم: هاوســـەرگیری محـــارم بەگـــوێرەی بیروباوەڕی ئاینی زەردەشتی).

**کلیلە وشە:** هاوسەرگیری، محارم، هەخامنیشی، زەردەشتی، موغان، پاشا

## پێشەکی:

ئەم لێکـۆڵینەوەیە تـایبەتە بەو شـێوازە هاوســەرگیرییەی لە ئێرانــی کــۆن و لە پەراوێــزی ئەو وڵاتەدا بــاوبوە، هەروەهــا چەنــد ســەدە پــێش هــاتنی ئیســلام و لە ســەردەمی ئەو دەوڵەتە گەورانەی کە فەرمـــانڕەوایی ئەو وڵاتەیـــان کـــردوە ســـەریهەڵداوە،کە لەئـــیلامەوە دەســـت پێـــدەکات و دواتـــر هەخامەنیشـــیەکان (529 – 331 پ.ز) و دەوڵەتـــی پـــارتی-ئەشـــکانی(ملوک الطوائـــف-(247 پ.ز – 226 زاینی)یشـــی گـــرتەوە تـــا کۆتـــایی هـــاتنی دەســـەڵاتی فارســـە ساســـانییەکان (226 – ٦٥١ی زاینــی) بەردەوام بــوە، تــوێژینەوەکە پشــتی بەســتوە بە کۆمەڵێــک ســەرچاوەی فارســی و ئینگلیــزی زمانەکــانی تــرو و بەشــێک لە دەقەکــانی کتێبــی پیــرۆزی زەردەشــتی (ئاڤێســتا) و دەقەکــانی پەهــلەوی کە لە ســەدەی نــۆی زایینی/ســێی کــۆچی نوســراون، جــگە لە شــایەتحاڵەکان لە مێژونوســانی یۆنــانی کە هـــاوچەرخی ئەو ســـەردەمە بـــون، هەروەهـــا نـــاتوانین گێـــڕانەوەی مێژونوســـانی هـــاوچەرخ، تــوێژینەوە هاوچەرخەکــان بە زمــانە جیاوازەکــان لەبیــربکەین، کە چــۆن باســی مێــژوی پارســی و زەردەشــتییەکان کــردوەو، و ئینکــاری پەیــامبەری ئــاینەکە بــۆ ئەم جــۆرە هاوســەرگیرییە دەخەنەڕو و هەوڵـــدەدەن دەقەکـــانی لێکبـــدەنەوە تـــا هـــاتنی موســـڵمانان، چـــونکە ئەوان، واتە موســـڵمانان،

هاوشـانی مەسـیحییەکان، دژی ئەم جـۆرە هاوسـەرگیریە بـون و قەدەغەیـان کـردوە، بەپـێچەوانەی سروشتی ئاسایی مرۆڤیان زانیوە.

**بەگشـتی تـوێژینەوەکە جـگە لە پـوختەو پێشـەکی و دەسـتپێک و دەرەنجـام و لیسـتی سـەرچاوەکان، لە سـێ تەوەرەی سـەرەکی پێکهـاتوە کە بەشـێوەی خـوارەوە ڕێکخراون:**

تەوەرەی یەکەم: تێروانینێـک بـۆ هاوسـەرگیری قەدەغەکراو(هـاوخوێنی)، بەگشـتی و لەنـاو ئەفسـانەکانی ئێرانـی کـۆن بەتـایبەتی تیشـک خـراوەتە سـەر مانـاو مەبەسـتی وشـەکەو لێکـدانەوە گشـتی و تایبەتیەکـانی، لەگەڵ خسـتەڕوی ئەو ئەفسـانە کـۆنە ئێرانیـانەی تێـدا بـاس لە هاوسـەرگیری محـاریم کـراوە و بـونەتە پاڵپشـت و ئامرازێـک بـۆ هانـدان وزینـدو هێشـتنەوەی ئەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە لەنـاو کـۆمەڵگە، پاشـان بیروبۆچـونە جیاوازەکـانی تـوێژەران لەسـەر مانـاو واتای (خوئین ودثة) خراوەتەڕو.

تەوەرەی دوەم: هاوسـەرگیری قەدەغەکـراو (هـاوخوێنی) لەنـاو دەوڵەتە فەرمانڕەواکـانی ئێرانـی کـۆن (ئـیلام، هەخامنیشـی، ئەشـکانی، ساسـانی): لەم تەوەرەدا بە وردی تیشـکخراوەتە سـەر هاوسـەرگیرییەکانی نێـو هەر چـوار دەوڵەتە گەورەکـانی ئێرانـی کـۆن، سـەرەڕای سـەرقاڵیان بە لایەنـی سیاسـی و فەرمـانڕوایی خۆیـان، گرنگیـان لە لایەنـی کـۆمەلایەتی و پەیوەنـدیە سـۆزدارییەکانیان کـردۆتەوەو هەوڵیانـداوە لە ڕێـگەی هاوسـەرگیری لەگەڵ خوشـک و دایـک و بـاوک و بـرای خۆیـان بـکەن، بەمەبەسـتی پاراسـتنی خـوێنی پیـرۆزو تـێکەڵ نەبونیـان لەگەڵ بێگانەکـان، و مانەوەیـان وەک چینـی سەردەسـتە و بالادەسـت، یەکەمـین حـاڵەتیش لە دەوڵەتـی ئـیلام ڕویـداوەو پاشـان گواسـتراوەتەوە بـۆ ئیمپراتـۆریەتی هەخامنیشـی چـونکە ئەوان لەهەمـو گەلانـی تـر زوتـر دەکەوتـنە ژێـر کـاریگەری دابـونەریتی دراوسـێکانیان، لەنـاو ئیمپراتۆریەتەکەشـدا - کمبـوجیە(قەمبیز) یەکەمـین کەس بـوە ڕەچەشـکێنی کـردوەو هاوسـەرگیری لەگەڵ خوشـکەکەی خۆیـدا کـردوە، بەم شـێوەیەش بـۆ دەوڵەتـی ئەشـکانی و دواتـریش ساسـانی گواسـترایەوەو بە کۆتایی هاتنی ساسانیەکان و هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام پرۆسەکە بەتەواوی هەڵوەشێنرایەوە.

تەوەرەی سـێیەم: هاوسـەرگیری قەدەغەکراو(هـاوخوێنی)، بەگـوێرەی بیروبـاوەڕی ئـاینی زەردەشـتی: ئەم تەوەرەیە تـایبەتە بە تیشـک خسـتە سـەر پرۆسـەیەک لەنـاو ئـاینی زەردەشـتیدا، کە بـاس لەوە کـراوە بۆچونەکـان جیـاوازن بەشـێکیان تیشـک دەخەنە سـەر ئەوەی موغـانی زەردەشـتی

لەپشت ئەنجامدانی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە بون لەپێناو مانەوەیان بەتایبەت لەکۆتاییەکانی دەوڵەتی ساسانی کە ڕێژەیان کەمتر ببوەو پێیان وابو لەو ڕێگەیەوە هەم نەژادو ڕەچەڵەکی خۆیان دەپارێزن هەمیش ئاینەکە لە لەناوچون دەپارێزن، بۆچونی دژ بەمە ئەوە خراوەتە ڕو نە لەلای پەیامبەری ئاینەکە وەک زەردەشت و نە لەخودی ئاینەکەشدا لەگەڵ ئەم جۆرە هاوسەرگیریەدان کە هاوسەرگیری قەدەغەکراو یان هاوخوێنی (محارم)دا نەبون و ڕەتکراوەتەوە تەنانەت خودیی زەردەشت لەگەڵ بێگانەدا هاوسەرگیری کردوە و منداڵەکانیشی بەهەمانشێوە داوە بە کەسانێک کە لە دەرەوەی خێزانەکەی خۆیبون

**ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە**: ئامانج لەم توێژینەوەیە خستەڕوی دیویکی شاراوەی لایەن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی گەلانی کۆنی ئێرانە کە بەنادیاری لەنێو دێرەکانی مێژودا ماونەتەوەو لە پاڵئەمەشدا گرنگی توێژینەوەکە لەوە دایە تیایدا تێڕوانینی ئاینی زەردەشتی لە هەمانکاتدا پیاوانی ئاینەکە بۆ ئەم جۆرە لەهاوسەرگیریە شیکاری زانستی بۆکراوە و هۆکارو ئامانجەکانی هاوسەرگیری محاریم بەوردی ئاشکراکراون لەم و دەقە ئاینیەکانی سەبارەت بەم پرسە لەسەر بنەمای نوێترین توێژینەوەکان لێکدانەوەیان بۆکراوە.

**میتۆدیی توێژینەوەکە:** چونکە توێژینەوەیەکی مێژویی -شیکاریە لە گواستنەوەی زانیارییەکاندا پشتمان بە میتۆدیی گواستنەوەو شیکارکردنی بەشێک لەدەقەکان کردوە، ئەمەش لەپێناو ئەوەی زانیارییە مێژوییەکان وەک دەق مامەڵەیان لەگەڵ بکەین و لە شێواندن بەدوربن.

## پرسیارەکانی توێژینەوەکە:

1.مەبەست لە دەستەواژەی (خوئین ودثە)ی ئاڤێستا چییە؟ ڕیوایەتە پەهلەوییەکان و توێژەرانی نوێ چ لێکدانەوەیەکیان بۆ ئەم دەستەواژەیە هەیە؟

2.ئەفسانە کۆنە ئێرانیەکان و ئاینی زەردەشتی چ ڕۆڵێکیان گێڕاوە لە پرسی هاوسەرگیری محاریمدا؟

3.ئەم جۆرە لە هاوسەرگیریەکەی سەریهەڵدا لە ئێرانی کۆن و کەی کۆتای پێهاتوە؟

4.هاوسەرگیری محاریم لەناو کام چینی کۆمەڵگای ئێرانی کۆن خواستی لەسەر بو بە چ ئامانجێک ئەنجام دەدرا؟

5.لە نـاو كـام یەک لە شارسـتانیەتیەكانی ئێرانـی كـۆن زۆرتـرین دیـاردەی هاوسـەرگیری محـاریم ئەنجام دراوە ؟

دەستپێک

خێـزان بەردی بنـاغەی هەر شارسـتانیەتێكە، كە كـۆمەڵگە لەسـەری دروسـت كـراوە، سیسـتەمی خێـزانیش بە كـۆنترین سیسـتەمی یاسـایی دادەنرێـت لە مێـژودا (الصـافوري،180،2007)، ئەركـی سیسـتەمی یاسـاییش بـریتییە لە ڕێكخسـتنی ڕەفتـاری تاكەكـانی نـاو كـۆمەڵگە، پاشـان لە كـۆمەڵگە كۆنەكـانیش چەنـدین سیسـتەمی خێزانـی جیـاواز بـونی هەبـوە، وەک سیسـتەمی خێزانـی ژنسـالاری و سیسـتەمی خێزانـی پیاوسـالاری، خێـزان یەكەی كـۆمەڵایەتی بچـوكە، گەرچـی سـەبارەت بە خێـزان بۆچـونی جیـاواز هەیە، بەڵام واپێناسـەكراوە، سیسـتەمێكی كـۆمەڵایەتی یە ئەركـی زینـدویێتی و پێویسـت مـانەوەیە بـۆ كـۆمەڵگە مرۆییەكـان، وەک ئەو كـۆمەیەڵەیە كە خـاڵی هـاوبەش بەیەكتـرەوە دەیانبەسـتێتەوە ئەمەش لەهێـزی پەیوەنـدی نێوانیـان خـۆی دەبینێـتەوە، بەڵام واتـای خێـزان كەس و كـارو و خێـڵ نـیە، بەڵكـو واتـای مێـرد و ژن و منـداڵەكانیانە هاوسـەرگیریان كردبێـت یـان هاوسـەرگریان نەكردبێـت دەگـرێتەوە، لە هەر كۆمەڵگەیەكیشـدا خێـزان، بنەمـای گەشەسـەندن و دامەزرانـدنی شارستانیەتیەكەیەتی،(حسـمنی. 2020، 7)، (لەنـاو خێزانـدا پرۆسـەی هاوسـەرگیریش بەیەكێـک لە بنەماكـانی دروسـتبونی دادەنرێـت) هاوسـەرگیریش بـریتییە لە یەكێتییەكـی یاسـایی و كـۆمەڵایەتی ڕێككەوتـوی نێـوان پیاوێـک لەگەڵ ژنێـک یـان چەنـد ژنێـک بە شـێوەیەكی ئاسـایی بەپێـی یاسـا و ڕێسـا و دابونەریـت یـان بیروبـاوەڕی بـاو بەمەبەسـتی ڕونكـردنەوەی ئەرک و مافەكـانی هەردولا (الهاشـمي،4،1971)، هەروەهـا گـوتراوە هاوسـەرگیری دەرئەنجـامی خواسـتی پیاوێـک بـو بـۆ ئەوەی هاوسـەرێک بـۆ خـۆی بە كـۆیلە بكـات بە نرخێكـی هەرزان بەمەبەسـتی بە میراتگرتنـی موڵـک و مـاڵی خـۆی، هەرچەنـدە هاوسـەرگیریش شـتێكی پێویسـتە بـۆ دامەزرانـدنی ژیـانێكی كـۆمەڵایەتی كە بەپێـی سیسـتەمێكی كـۆمەڵایەتی ڕێكوپێـک بەڕێوەدەچێـت (حمـادی،د،ت، 106)، لەیاسـای (شارسـتانی)ەتە كۆنەكـانی (میسـر، عێـراق و ئێـران و یۆنـان و ڕۆمـان) ئـاین كـاریگەرییەكی زۆری لەسـەر سروشـتی هاوسـەرگیری هەبـوە، گرێبەسـتی هاوسـەرگیریش سـیمایەكی ئـاینی هەبـوە، بۆنمـونە لەیاسـای فیرعەونكـانی میسـر داوا كـراوە هاوسـەرگیرییەكە لە بەردەم پیرۆزیەكـانی نـاو پەرسـتگەدا ئەنجـام بـدرێت، واتـا لە پەرسـتگەی خواوەنـدی شـارەكەو لەلایەن یەكێـک لە پیـاوانی ئـاینی پەرسـتگەكەوە، كە ژنەكە ناچـاركراوە هەنـدێک ڕێكـار ی دیـاریكراو پەیـڕەو بكـات، هەروەهـا

پیــاوە ئــاینیەکە پرســیاری لە پیــاوەکە کــردوە ئایــا تــۆ ئەم ژنە وەک ژنێــک و هاوبەشــی خــۆت خۆشت دەوێت، چونکە دەتوانێت لە مافەکانت میرات وەربگرێت (حسمنی،2020،8).

لە وڵاتی دو ڕوبـاریش بێجگە لەهـاوســـەرگیرییە ئـاســـاییەکە چەنـد حـاڵەتێکی دیکە هەبوە وەک هاوسەرگیریکردن لەگەڵ خەزور، کە بریتییە لەو پەیوەندییە سۆزدارییە یاساییەی کە لە نێوان پیاو و کۆیلە مێینەکەیـدا، یـان کۆیلەی ژنەکەیـدا کراوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ژنە نەزۆکەکەیـدا منـداڵی لەگەڵـدا هەبێـت هاوســـەرگیری برای مردوەکە لەگەڵ ژنی براکەی، یان پیاو دەتوانێت هاوســـەرگیری بکات ئەگەر ژنی یەکەمی نەزۆک بێـت دەتوانێـت هـاوســـەرگیری لەگەڵ کۆیلەیەک بکـات کە توانـای منـداڵبونی هەبێـت، هەروەهـاکـاتێـک ژنی یەکەم نەخۆش بێت یـان ڕەفتـاری خراپی هەبێت پیـاوەکە جـارێکی تر مـافی هەبو هاوســـەرگیری بکاتەوە (هەر لە شـــارســـتانیەتی ناوبراویشـــدا، هەندێک لە پیاوەکان دیاردەی فرە ژنییان جێبەجێکردوە،واتا فرە ژنی هەبوە (موسی، د.ت،230).

وادیارە لە چاکســـازیە بەناوبانگەکانی پاشـــای ســـۆمەری ئۆرۆ-ئینیمکینا (ئۆرکاجینا)-(2365-2357پ.ز) ژنانی لەهاوســەرگیریکردن زیاتر لەگەڵ پیاوێک قەدەغەکردوە، بە(گوێرەی دەقی چاکســازیەکە بێت کە لەخوارەوە ئاماژەی پێدەکرێت) لەو سـەردەمەدا هاوسەرگیریکردنی ژنێک لەگەڵ دو پیاو یان زیاتر دابونەریتێکی باو بوە لە قۆناغی پێش چاکســازیەکانیدا، بڕیاری پاشــا بۆ هەڵوەشــاندنەوەی ئەم دیاردەیە سزادانی ئەو کەسانە بوە کە ئەنجامی دەدەن هەروەک لە چاکسازیەکانیدا بەم شێوەیە هاتوە: ((سەبارەت بە ڕوداوەکانی باری کەســی، بەتایبەتی هاوســـەرگیری و جیابونەوە (الطلاق). ئۆرۆ-ئینیمکینا یاســـایەکی دەرکرد کە هاوســـەرگیری ژنێکی لەگەڵ دو پیاو لە یەک کاتدا هەڵوەشـــاندەوە، ســـزای بەردبارانکردنی بەســەریدا ســەپاند کە بەردێک لەســەری نوســرابو کەمەبەســتی خراپیی ژنەکان بوە. لەو شــوێنەی کە لە دەقەکەدا هاتوە: "ژنانی ڕۆژانی ڕابردو هاوسەرگیریان کردوە بە دو هاوسەر، (بەڵام)...ئەگەر ژنانی ئەمڕۆ (هەوڵی ئەم کـارە بـدەن)، ئەوا بە بەردبـاران دەکرێن، کە پێشـــتر دەنوســـرێت. مەبەســـتی (خراپە)ی ئەوانە"(السـعد، بدر، 2020، 6؛ حمادی،د.ت، 107-108)، دابونەریتی هاوســەرگیری ژنێک لەگەڵ زیاتر لە پیاوێک، ڕەنگە ئاماژە بێت بۆ پاشـــماوەی کۆن، واتە فرەژنی، کە بوبوە دابونەریتێک کە لەو ســـەردەمەدا قبوڵ کراو نەبوە، ئەمەشە ئاماژە بوە بۆ ئەوەی کە شتێکی نەخوازراو بوە لای پاشـای سۆمەری(السعد، بدر، 6، 2020)

فرەژنـــی لە شارســـتانیەتی ڕۆمانیـــدا قەدەغە بـــو، تـــا ئەو کـــاتەی کەســـەکە پەیوەنـــدی بە هاوســـەری پێشــویەوە بمێنێـتەوە، ڕێـگەی پێـنەدراوە دوبـارە هاوســەرگیری بکـاتەوە، تەنهـا ئەگەر لە

ژنـــی یەکەم جیـــابوایەتەوە ئەوە مـــافی هەبـــو، ڕەنـــگە ئەمە هۆکارێـــک بوبێـــت کە ڕۆمەکـــان ناڕەزایەتیـــان بەرامـــبەر یاســـاکەیان نەبـــوە، کە لە مـــادەی (٤١)ی یاســـای ڕۆمـــدا هاتوە"هەرچەنـــدە فرەژنی حەرامە، بەڵام مافی خۆی هەبو" (موسی، د.ت،233).

لەمیســری کۆنـدا جیـاواز لە شارسـتانیەتەکانی دیـکە بە چـاوێکی دیـکەوە سـەیری ژن کـراوە بەتـایبەت ژنـانی شـاهانە و ناوکۆشـک، چـونکە دەسـەڵاتی پادشـای پیـرۆز (الملكـيه المقدسـه) تەنهـا لە پاشـاکاندا سـنوردار نەبـوە، بەڵکـو شـاژنەکانییش کە لە ڕەچەڵەکـی پـاکی شـاهانەیی بـون ڕۆڵـی خۆیـان هەبـوە شانبەشـانی پاشـا، تەنـانەت ژنـی پاشـا بە ژنـی خوداوەنـد دانـراوە، ئەگەر کچـی پاشـایەکی پێشـوتر بـوایە، ئەوا لە جەسـتەیەکی خـوداییەوە لەدایـک بـوە ،ئەمەش وایکـردوە ببێـتە یەکێـک لە پـاکترین ژنەکـانی پاشـا، هەنـدێک لە شـاژنەکانی میسـری کـۆن جـگەلەوەی کە ژنـی خوداوەنـدێک بـون، کۆمەڵێـک نازنـاوی ئایینیـان هەبـوە کە ئامـاژە بـوە بـۆ پیـرۆزی ئەوان، وەک نازنـاوی (دایکـی خـودا، مـوت-نێـتەر)لە نێـو ئەو نازنـاوانەن کە بە ژنە خوداوەنـدەکان دراوە وەک خواوەندە ژنەکانی ئیزیس و حۆرس(احمد، بوبكر،2022، 109).

شـاژنەکانی میسـر ڕۆڵێکـی سـەرەکیان هەبـو لە پرۆسـەی میـرات و گواسـتنەوەی تەخـت لە پاشـایەکەوە بـۆ پاشـایەکی تـر، هەرکەسـێک لەسـەر تەختـی میسـر دابنشـێت، دەبێـت خـوێنی پیـرۆزی شـاهانە بە دەمارەکـانی دایـک و باوکیـدا هەبوبێـت، هەروەهـا پـاڵنەرە ئایینییەکـانیش ڕۆڵێکـی سـەرەکییان هەبـوە لە پیرۆزکردنـی بیـرۆکەی هاوسـەرگیری پیـرۆز لە نێـوان ئەنـدامانی خێـزانەکەدا، ئەو دەسـەڵاتە پاشـایەتییەی کە هەوڵیـدا لاسـایی هاوسـەرگیری ئەو خوداوەنـدە پیـرۆزانە بکـاتەوە کە لە ئەفسـانەی میسـری کـۆن باسـی لێـوەکراوە کاتێـک خوداوەنـدی زەوی (جـب) خـاکی میسـری لە نێـوان دو کوڕەکەیـدا دابەشـکردوە، کە بـریتین لە "ئـۆزێریس" و "سـت، ئـۆزیریس خوشـکەکەی (ئیزیس) وەک هاوسەری خۆی وەرگرت، خوشکەکەی بۆ ئۆزیرۆیسی نوسی:

....من ژنێکم بەسودم بۆ براکەی

من ژن و خوشک و دایکتم

پاشـــان زو بگەڕێـــنەوە، چـــونکە تـــامەزرۆی بینینـــی ڕوخســـارتم...... (یـــونس،2013،135)، (دیۆدۆرسـی صـقلی)یش کە لەسـەدەی یەکەمـی پ.ز) ژیـاوە، لە سـەردانەکەیدا بـۆ میسـر ئامـاژەی پێکـــردوە، ".یاســـا ڕێـــگە بە میســـرییەکان دەدات لەگەڵ خوشـــکەکانیان هاوســـەرگیری بکەن،(حندســـە،2003و28)، پاشـاکان هاوسـەرگیریان لەگەڵ خوشـکەکانی خۆیـان کـردوە وەک

هاوســـەرگیری پاشـــا "ســـنفرع " لە ســـەردەمی بنەمـــاڵەی چوارەمـــدا لەگەڵ خوشـــکەکەی، (هوتـــب هورســـي یەکەم" حتـــب حـــرس) کە لە ڕێـــگەیەوە تـــوانی ببێـــتە میراتگرێکـــی شـــەرعی بـــۆ دەســـەڵات، ئەنجـامی ئەم هاوســـەرگیرییە بـــوە هـــۆی لەدایکبـــونی پاشـــا خوفـــو، دروســـتکەری هەرەمـــی گەورەی جیـــزە (یـــونس، 2013 234)، هەوەرهـــا هاوســـــەرگیری (کاوعیـــب) کـــوڕی خۆفـــۆ لەگەڵ خوشـــکەکەی،(هوتب هورســـي دوەم،-حـــت حرســـی دوەم) بـــو کە میراتگرێکـــی شـــەرعی بە نـــاوی (مرســـعنخ) لەدایکبـــو، شانشـــینی نـــوێش ئەم نەریـــتە شـــاهانەیەیان پشـــتگوێ نەخســـتوە، وەک چـــۆن پاشـــا ئەحمـــس خوشـــکەکەی (احمـــس نەفەرتـــاری) کـــردە هاوســـەری و هەروەهـــا پاشـــا (تحوتمســـي دوەم) هاوســـەرگیری لەگەڵ نیـــوە خوشـــکەکەی بەنـــاوي (حتشبســـوت) کـــردوە (صـــالح، 1997، 193).

هاوســـەرگیریی هـــاوخوێنی لە نێـــوان ئەنـــدامانی بنەمـــاڵەی شـــاهانەدا تەنهـــا بە هاوســـەرگیری بـــرایەک لەگەڵ خوشـــکەکەیدا ســـنوردار نەبـــوە، بەڵکـــو بە هۆکـــاری ئاینیشـــەوە بـــۆ هاوســـەرگیری پاشـــاکان لەگەڵ کچەکانیـــان درێژدەبـــوەوە و کـــۆنترین ئامـــاژەش بـــۆ ئەم جـــۆرە هاوســـەرگیرییە دەگەڕێـــتەوە بـــۆ ســـەردەمی شانشـــینی کـــۆن، کە هەنـــدێک ســـەرچاوە مێـــژوەکەی دەگەڕێـــنەوە بـــۆ ســـەردەمی کۆتـــایی بنەمـــاڵەی چـــوارەم (یـــونس ومـــا بعـــدها،2013،235) لەســـەردەمی شانشـــینی ناوەڕاســـت، پەیوەنـــدییەکی ســـۆزداری لە نێـــوان شـــا (ســـنفرع) لەگەڵ یەکێـــک لە کچەکانیـــدا،هەبوە ســـەبارەت بە هاوســـەرگیری پاشـــا ئەمنحـــوتبی ســـێیەم لەگەڵ کچەکەیدا،پشتڕاســـت کـــراوە، زۆرتـــرین حـــاڵەتە پشتڕاســـتکراوەکانی ئەم جـــۆرە هاوســـەرگیرییە، مێژوەکەیـــان دەگەڕێـــتەوە بـــۆ ســـەردەمی شانشـــینی نـــوێ کە لێکـــۆڵینەوە مێژوییەکـــانیش، کـــۆکن لەســـەر ئەوەی کە پاشـــا ئەمحـــۆتێپی ســـێیەم(1427-1405 پ.ز) هاوســـەرگیری کـــردوە لەگەڵ کـــچەکەی بەنـــاوی (ســـات-ئـــاموني)و کردویەتـــی بە گەورەتـــرین هاوســـەری شـــاهانە، لە دوای شـــاژنەتی، وا دیـــارە بە هێنـــانی کچێکـــیش ڕازی نەبوبێـــت بەڵکـــو هاوســـەرگیری لەگەڵ کچێکـــی دیـــکەی دەکـــات بەنـــاوی ئیـــزیس، پاشـــا ئەمنحـــۆتێپی چـــوارەمیش(1367-1350پ.ز) شـــوێن پێـــی بـــاوکی کەوتوە(ســـعدالله،1988،26-27)، ئەویـــش لەگەڵ ســـێ کچـــی خـــۆی هاوســـەرگیری کـــردوە بەناوەکـــانی (مریـــت ئـــاتون کە کـــچە گەورەکەی بـــوە، پاشـــان مکـــت اتـــون و عـــنخ اس ان اتـــون) بون(ســـعدالله،1988، 38 ومابعـــدها)، هەروەهـــا بـــاس لە هاوســـەرگیری ڕامسیســـی دوەم (1279-1213پ.ز) لەگەڵ ســـێ کچەکانیـــدا کراوە ئەوانیش: (بنت ئانات، مریت ئامون و بێنتاوی) (حندوسە،2003،27).

لەگەڵ پەیـدابونی ژیـان لەسـەر زەوی خـوای گەورە ڕێگەیـدا، بەهاوسـەرگیری خوشـک و برایەتـی نێـوان منـداڵەنی ئـادەم سـەلامی خـوای لەسـەر بێـت، لەپێنـاو ی بەردەوام بـونی مرۆڤـایەتی و وەچەخسـتنەوەدا بـۆ ئەوەی مرۆڤـایەتی بەردەوام بێـت(مرعی، 2022، 84)، لە زەوی نیشـتەجێ بـبن و ئـاوەدانی بـکەنەوە، لە ڕیوایەتەکانـدا وابـاس کـراوە: هەر منـداڵێک لە ئـادەم (سـەلامی خـوای لەسـەر بێـت)،لەدایکبوە، دوانە (جمـک) بـون واتـا کوڕێـک و کچێـک ئەم کـوڕو کـچە ڕێگەیـان پێـنەدراوە هاوسـەرگیری لەگەڵ یەکتـر بـکەن، هەربـۆیە دەبـوایە دوانەیەکـی تـر لەدوای خۆیـان لە دایـک ببیـت کە ئەوانـیش کـچ و کوڕێـک بـون پاشـان لەگەڵ یەکتـردا هاوسـەرگریان دەکـرد واتـا هاوسـەرگیری بـۆ کـوڕ و کچێکـی دوانە لە یەک سـک قەدەغە بـو. (الطبـری، 2008ز، ج4، 240)، گومـانی تێـدا نیـیە ئـاینی ئیسـلام بە تونـدی هاوسـەرگیریی (محـارم)ی قەدەغە کـردوە، مەبەسـتیش لە(محـارم) ئەوانەن کە بە خزمـایەتی ڕێژەیـی یەکـدەگرنەوە، واتـا سـەیرکردنی یەکتریـان بـۆحەڵالەو هاوسـەرگیری لە نێوانیانـدا قەدەغەیە وەک لە قورئـانی پیـرۆزدا ئامـاژە بە قەدەغەکردنـی ئەم هاوسـەرگیریە کـراوە لە سـورەتی النسـاء ٤/23،﴿حُرِّمَـتْ عَلَـيْكُمْ أُمَّهَـاتُكُمْ وَبَنَـاتُكُمْ وَأَخَـوَاتُكُمْ وَعَمَّـاتُكُمْ وَخَـالَاتُكُمْ وَبَنَـاتُ الْأَخِ وَبَنَـاتُ الْأُخْـتِ وَأُمَّهَـاتُكُمُ اللَّاتِـي أَرْضَـعْنَكُمْ وَأَخَـوَاتُكُمْ مِـنَ الرَّضَـاعَةِ وَأُمَّهَـاتُ نِسَـائِكُمْ وَرَبَـائِبُكُمُ اللَّاتِـي فِـي حُجُـورِكُمْ مِـنْ نِسَـائِكُمُ اللَّاتِـي دَخَلْـتُمْ بِهِـنَّ فَـإِنْ لَـمْ تَكُونُـوا دَخَلْـتُمْ بِهِـنَّ فَـلَا جُنَـاحَ عَلَـيْكُمْ وَحَلَائِـلُ أَبْنَـائِكُمُ الَّـذِينَ مِـنْ أَصْـلَابِكُمْ وَأَنْ تَجْمَعُـوا بَـيْنَ الْأُخْتَـيْنِ إِلَّا مَـا قَـدْ سَـلَفَ إِنَّ اللَّهَ كَـانَ غَفُـورًا رَحِيمًـا ﴾ سورە النساء\4\ایە﴿٢٣﴾

## تەوەرەی یەکەم: تێڕوانینێکـی شـیکاری بـۆ هاوسـەرگیری قەدەغەکـراو لە ئێرانـی کـۆن بەگشـتی و لەناو ئەفسانەکانیان بەتایبەتی:

ئەم هاوسـەرگیریە یەکـێکە لەبـابەتە ئاڵۆزەکـان، بەجۆرێـک ڕاوبۆچـۆن و شـیکاری زۆری بەدوای خۆیـدا هێنـاوە، لە ڕاسـتیدا هۆکـار گەلێـک هەبـون بـۆ ئەنجامـدانی، بەبێگومـانی وەک بـاقی لایەنەکـانی دیـکەی ژیـان پـاڵنەری ئـاینی لەپشـت ئەنجامـدانیەوە بـوە، کە بەوردی شـیکاری ئەم پاڵنەرە دەکەین.

هاوسـەرگیری قەدەغەکـراو، بەیەکێـک لە پرسـە کـۆمەڵایەتی و کلتورییەکـانی مێـژوی ئێرانـی کـۆن و بەتـایبەتیش لەنـاو ئـاینیی زەردەشـتی دادەنرێـت، بـابەتێکە بـوەتە جـێگەی مشـتومڕی نێـوان تـوێژەران (سـتاری و حقیقـی، ١٣٩٣، ٧٣)، هەرچەنـدە یەکێـک بـوە لە پرسـە کۆمەڵایەتییەکـان و پێشـینەی مێژوویـی هەیە بەڵام لە ڕۆژگـاری ئەمـڕۆدا بـوەتە بـابەتێکی نەویسـتراوی نـاو کـۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکـان، لە کۆنـدا شـەرعیەتێکی ئـاینی و سیاسـیی پێـدراوە بـۆ ئەنجامـدانی (کاسـیر، ١٣٧٧،

١١٧) بەڵام بابەتێکە تا ئێستاش بەنادیاری ماوەتەوەو کەمتر گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، ئەم پرسە هێندە جێگەی سەرنج بوە یۆنانیە کۆنەکانیش باسیان لێوەی کردوە، بۆنمونە شاپوری شەهبازی لە دەمی بلوتارکەوە دەڵێت کاتێک ئەسکەندەری مەقدۆنی بەسەر دەوڵەتی هەخامنیشی دا سەرکەوت وئێرانی داگیرکرد، دواتر ئامۆژگاری ئێرانیەکانی کرد لەجیاتی هاوسەرگیری لەگەڵ دایکیاندا بکەن ڕێزی بۆدابنێن و واز لەو کارە بهێنن لەگەڵیان،(شەهبازی، ١٣٨٠، ١١)، هەروەها (کتریاز) پزیشکی تایبەتی ئەردەشێری دوەمی (404-359 پ.ز) هەخامنشیی دەڵێت: (ئێرانیە کۆنەکان بە ئاشکرا پەیوەندی سۆزدار و سەرجێیان لەگەڵ دایکیاندا هەبوە)، هەروەک سترابۆش پشت ڕاستی ئەوەیکردۆتەوە لە نێو ئێرانیەکاندا هاوسەرگیری پرۆسەیەکی پەسەندو پیرۆزبوە هەتا ئەگەر لەگەڵ دایکی خۆشیان بێت(strabo,15,zo,73)، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم هاوسەرگیریە وەک نەریتێکی کۆمەڵایەتی بڵاونەبوە، بۆیە بەشێک لەوانەی مێژوی گەلانی ئەم سەردەم و ڕۆژگارەیان نوسیوەتەوە باسی ئەم جۆرە هاوسەرگیریەیان نەکردوە وەکو ئەفلاتون و ئەرستۆو ئەمیانوس و مارسیلینوس،(Arabzadeh,2024,91-92)، بەڵام کەسایەتیەکی دیکەی یۆنانی بەناوی(سکستوس ئیمپریکوس، کە لەسەدەی دوەمی زاینی ژیاوە، باسی لەوە کردو کە ئێراینیەکان ڕەوایەتیان داوە بەهاوسەرگیری کردن لەگەڵ دایکیان، هەورەها باردیسانی یۆنانی لەنێوان سالآنی (١٥٤-٢٣٣) زاینی ژیاوە نوسیویەتی (لەکۆمەڵگەی ئێرانی کۆندا وەها بوە کە باوک و کوڕەکان لەگەڵ (دایک و خوشک و کچ)ەکانیان، هاوسەرگیری بکەن) (شەهبازی، ١٣٨٠، ١٢)، وەچەند دەقێکی دیکەی مێژو نوسانی وەک (کلمت ٣٥٠-٤٠٠ز) و (کلسوس ١٧٩ز). و (بازیل. ٣٣٠-٣٧٩ز)، چەند کەسایەتی و مێژو و نوسی دیکە هەمویان بەشێوەی جیاجیا باسیان لێوەکردوەو پشت ڕاستی دەکەنەوە کە ئەم جۆرە هاوسەرگیریە لەگەڵ دایک و خوشکان و کچانیان کراوە بەتایبەت لەناو ئاینی زەردەشتی(Agathios,1975,22).

لای بنەماڵە شاهانەکان گرنگیدان بە پاکی خوێنی خێزانەکان پێویستی بە هاوسەرگیریی هاوخوێنی هەبو، کە واتا هاوسەرگیری کچێک لەگەڵ باوکی، هاوسەرگیری دایکێک لەگەڵ کوڕەکەی و هاوسەرگیریکردنی خوشکێک لەگەڵ براکەی، ئەمەش یەکێک بو لە تایبەتمەندییە دیارەکانی دابونەریتی هاوسەرگیری و بەگرنگترین جۆری هاوسەرگیری دادەنرا، بە چارەسەری هەمو گوناهێکیان دەزانی، جگە لەوەی پێیان وابو، هاوسەرگیری برایەک لەگەڵ خوشکەکەیدا لەکاری خراپە و فێڵی شەیتان دوریان دەخاتەوە(کریستنیس:د.ت، 309).

ئەم هاوسەرگیریە بەگوێرەی دەقە ئاینییەکانی زەردەشتی لەناو ئاڤێستا وپەهلەوی بێت بە (خوئین و دتە) ناوبراوە، باوترین جۆری هاوسەرگیری ئەو سەردەمە بوە لەناو کۆمەڵگەی ئێرانی کۆن(فرەوشی، ١٣٤٦، ٤٩٧) ئەم دو وشەیە لێکدراوێکی ئاڤێستاییەو لە دوبەش پێکهاتوە و هەریەکەیان واتایەکی هەیە (خوئوتو- خزم -نزیکان) و (دتە- پێدان - بەخشین) هاتوە، لەناو ئاڤێستاشدا بەشێوەی (خوئثە) بەواتای هاوسەرگیری هاتوە(رضایی،ج2،1376، 927)، هەر لەپەرتوکی ناوبراودا و لەچەند شوێنێک باسی وشەکە کراوە بۆنمونە لە برگەی (٩ لەیەسنا) و برگەی (٣ لە کردە) و بەندی (٣ ویسپردا) لەهەموشیاندا وشەکە بەواتای خزمایەتی هاتوە(روایات پهلوی، ١٣٧٦، ٥٢٨- ٦٢٣)، لەزمانی پەهلەویشدا بەشێوەی(خویتوک دس) بەواتای هاوسەرگیری خزمان هاتوە (علوی، ١٣٨٠، ٩٤؛ کتابی، ١٣٧٩، ٩٢٧) بەشێک لەنوسەران پێیانوایە وشەکە ئەو مانایەی نەبوە کە هاوسەرگیری لەگەڵ نزیکەکان بکرێت بەڵام بەهۆی هاوسەرگیری پادشایان و نەجیب زادەکان لەگەڵ مەحرەمەکانی خۆیان کە ئامانجێکی دیاریکراوی لەپشت بوە، بەهەڵە لێکدانەوە بۆ ئەم وشەیە کراوە و بەهاوسەرگیری قەدەغەکراو هاوخوێنی لێکدانەوەی بۆکراوە(شەهبازی، ١٣٨٠، ٢٥)، نوسەرێکی دیکەش ئەم وشەیەی بەجۆرێکی دیکە لێکداوەتەوە کەمەبەست لێی (بەخشین لەخزمان و بەجێگەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی(سیلەی ڕەحمە) و لەخۆبوردویی بوە بەرامبەر کەسانی هەرە نزیک و پەیوەندی هاوسەرگیریە لەگەڵ خزمانی دور) (روح الامینی، ١٣٨٣، ٦٠١)، جعفریش پێیوایە وشەکە بەواتای هاوسەرگیری قەدەغەکراو دێت بەدیاریکراوی (١٣٧٨، ٤٨٥)،لەگەڵ ئەوەشدا توێژەرانێک هەن ڕەتی دەکەنەوە وشەکە ئەومانایەی هەبوبێت و پێیانوایە مەبەست لێی هاوسەرگیریە لەگەڵ خزمی پلە دوی خێزان و بەڕای ئەوان ئەنجامدانی هاوسەرگیری لەگەڵ هاوخوێنەکان لەتاوانە گەورەکان هەژمار دەکرێت، وەک لە ئاینی زەردەشتیدا، باسی لێوەکراوە بەپێچەوانەی ئەو ڕاوبۆچونەش لەدەقە پەهلەویەکاندا پاداشتی گەورەی تێدایە لەڕوی ئاینی و لەئاگری دۆزەخ پارێزراو دەبن و هەرکەسێکیش ڕێگری لەم جۆرە هاوسەرگیریە بکات بە دۆزەخ سزادەدرێت (مینوی خرد، ١٣٨٥، ٤/٥)، بەڵام لە ڕیوایەتی پەهلەوی بە ڕونی ئاماژە بەوەکراوە: مەبەست لە وشەی (خویتوک دث) هاوسەرگیریە لەگەڵ خوشک و دایک و کچ، هەروەها وشەی (خویدودە) بەواتای ڕێگەدانی پیاو بوە بەیەک جار هاوسەرگیری لەگەڵ دایکی و یەک جار لەگەڵ کچەکەی ئەنجامی بدات (روایت پهلوی، 1367، 6).

پرۆسەی هاوسەرگیری قەدەغەکراو (محارم)، لە ژێر کاریگەری ئەفسانەو ئاین لەئێرانی کۆندا ئەنجام دراوە، و کاریگەریشیان هەبوە لەسەر بڵاوبونەوەی بەدرێژی سەدەکان(Arabzadeh,2024,89)، لەناو ئەفسانە ئێرانیەکاندا ئەم هاوسەرگیریە ڕەنگی داوەتەوە، بۆنمونە باس لە کیومرث دەکەن کە یەکەمین مرۆڤە لەئەنجامی هاوسەرگیری نێوان خواوەند ئاهو ڕامزداو سینۆرامز کەدایکی بوە لەدایکبوە، و لە ئاڤێستادا بە یمشاسپندان ناسراوە، لەدواتریشدا کیومرڤ هاوسەرگیری لەگەڵ دایکی ئەنجام دەدات، بەمەبەستی وەچەخستنەوەو زیادبونی مرۆڤایەتی (سایتی، ٢٢، ٧٤)، کیومرث لە دەقە ئەفسانەیەکانی ئێرانی کۆن بە یەکەم مرۆڤ یەکەم پێغەمبەر یەکەم پاشا ناسێنراوە ناوبراو بە وەک یەکەمین مرۆڤ ئاماژەی پێکراوە کە زادەی هاوسەرگیری (خودای ئاسمان) لەگەڵ (خوداوەندە دایک- زەوی)یە، بە باوەڕی ئەو ئەفسانانە کیومرث لە قەترەیەک لە ئاوی پیرۆز(نطفە)ی خودای ئاسمانەو خودی هاوسەرگیریەکەش ناوی هاوسەرگیری پیرۆزە.(مهرکی و غفرانی، 1393، 95)، یمشاسپندان یاخود(سپندارمز) لە ئەفسانەکاتدا کچ و خێزانی ئاهوڕامزدایە تەواوی خوداکان لەو هاوسەرگیریەوە دروست بون، لە هەمانکاتدا بەیەکەمین هاوسەرگیری محاریم لەقەڵەم دەدرێت (هەمان،1393، 107)

لەلایەکی ترەوە کۆمەڵێک بەڵگەنامەی تری نوسراوی شێوە ئەفسانەیی هەیە هەرچەندە ژمارەیان کەمە بەڵام گرنگی و بایەخی خۆیان هەیە، لە وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەم جۆرە هاوسەرگیریە بۆنمونە باسی ئەم دیاردەیە دەکەن لە نێوان خودایانی ئێرانی کۆن، ئامانجی باسکردنی ئەم جۆرە هاوسەرگیریەش لە ئەفسانەکاندا سەلماندن و ڕەوایەتی پێدانیەتی لەنێو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، (west,1892,391)، لە یەسناشدا کە بەشێکە لەپەرتوکی ئاڤێستا پشت ڕاستی ئەوەی کردۆتەوە کە ئاهوڕامزدا لەگەڵ خوشکەکەی هاوسەرگیری کردوە و دوای ئەوەی کیومرڤ هاوسەرگیری لەگەڵ دایکی دەکات یەکەم پیاو بەناوی. (مشی) و یەکەمین ژن بەناوی (مشی یانە) لەدایک دەبن و دواتریش مشی و مشیانە هاوسەرگیری وەک دو خوشک و برا ئەنجام دەدەن و مرۆڤایەتی لەدایک دەبێت(west, 1892,391)

لەئەفسانە ئیلامییەکانیشدا ناوی چەند خواوەندێک هاتوە وەک (کیریریش) کە نازناوی هاوسەری گەورە و دایکی خواوەندانی پێبەخشراوە، چونکە ئەم ژنە خواوەندە هاوسەرگیری لەگەڵ دو خواوەند بەناوەکانی (هومبان و شوشیناک) کردوە هەرسێکیان سەر بەیەک خێزان بون (هینتس،١٣٨٨، ٣٦)، هەروەک لە ڕیوایەتە پەهلەویەکانیشدا باس لە پرۆسەی (خویدودە)

کــراوە، بۆنمــونە هاوســەرگیری پاشــایەک بەنــاوی جەمشــید لەگەڵ خوشــکە دوانەکەیــدا(جمک) دەکرێــت، دەگوترێــت جەمشــید بەم کــارە ڕازی نەبــوە بەڵام خوشــکەکەی بەمەبەســت و فێــڵ کــارەکەی ئەنجامــداوە تــا نەوەیەکــی بەکەڵــک و بەســود بخەنەوە(یســنا، ١٣٧٠، ٧-٨؛بــۆ زیــاتر بـڕوانە: حقیقــی، ١٣٨٩،)، لەبەردەنوســێکی ئــارامی ســەردەمی هەخامنشــی دا ئامــاژە بە نــاوی (خــاتو تشــــیبە) دەکرێــــت کە هەم خوشـــــک و هەم هاوســــــەری خواوەنـــــد ئـــــاهو ڕامزدابـــــو ە، (Bayce,1975.2-10).

لە شــانامەی فیردەوســیش لەئەفســانەیەک دەگێـڕێتەوە تیایـدا بــاس لەکەســێک کـراوە بەنــاوی (ئێــردا ویــزار) کە هاوســـەرگیری لەگەڵ حەوت خوشــکی خــۆی کــردوە، پاشــان کــۆچی بــۆ ئاســمانەکان کــردوەو کە گەڕاوەتەوە باســی خۆشــبەختی و پاداشــتی ئەو کەســانەی گێــڕاوەتەوە کە هاوسەرگیری (محارم)یان ئەنجامداوەو ڕۆیشتونەتە بەهەشتەوە (فردوسی،/ج٢، ٣٥١-٣٥٥).

بەم شــێوەیە ئەفســانەکان ســەرەڕای ئەوەی هەڵگــری دیــدی فەلســەفەی ســەردەمەکەی خۆیــانن، لەهەمــان کاتــدا ئاگــایی زۆر لەبــارەی سیســتەمی سیاســی و ئایــدۆلۆژی کــۆمەڵگەو پێکهــاتە کۆمەڵایەتییەکــان دەناســێنێت، کە دەتــوانین لە ناویانــدا تــاڕادەیەکی بــاش ئاشــنابین بە جیهــانبینی مرۆڤــی کــۆن، جیهــانبینیەک کە چــالاکیە سیاســی و کۆمەڵایەتییەکــانی مرۆڤــی کــۆنی تێــدایە (ثمــودي،١٣٨٧، ١٦)، دەکرێــت بگوترێــت بــابەتی ئەم جــۆرە هاوســەرگیرییە ئــاڵۆزە ڕای تــوێژەرانی بەسەر چەند دەستەیەکدا دابەشکردوە:، بەمشێوەیە:

دەســتەی یەکەم: پێیــانوایە ئەم جــۆرە هاوســـەرگیریە تــایبەت نەبــوە بە بنەمــاڵەی شــاهانە و بنەمــاڵەیەکی دیــاریکراوی پاشــایەتیی بەڵکــو پەیوەســتی دەکەن بەهەر ســەردەمێک و بنەمــاڵەیەک کە هەڵگــری ئــاینی زەردەشــتی بێــت چــونکە پێیــانوایە ئەم جــۆرە هاوســەرگیریە ئامۆژگــاری ئاڤێســتایە بــۆ شـــوێنکەوتوانی زەردەشـــتیەت (بروســـیوس، ١٣٨٣،. ٦٤)،. (لەتەوەری داهـــاتودا بـــاس لەم هاوسەرگیریە دەکەین لەئاینی زەردەشتیدا).

دەســـــتەی دوەم: دەقە پەهلەویەکانیــــان قبـــــوڵ نیـــــیە لەسەرناســـــاندنی هاوســـــەرگیریەکە بە هاوســـــەرگیری قەدەغەکـــراو و پێیـــانوایە پـــێچەوانەی ئاڤێســـتایەو دەبێـــت تەنهـــا پشـــت بەم ببەسترێت(جعفری،١٣٨٧،. ١٧٩).

دەســتەی ســێیەم: ئەم دەســتەیەش لەو بــاوەڕەدان ناکرێــت دەســتەواژەی خویــدوده (خــوئین و دئــة) بە هاوســەرگیری هــاوخوێنی و قەدەغەکــراو دابنرێــت، بــڕوای ڕەهایــان بەقســەکەیان هەیەکە

مەبەست لەهاوسەرگیری خوشک نییە لەگەڵ برای خوێنی، بەڵکو وشەی (خواهر-خوشک) لەسەردەمانی دواتردا بەرامبەر شازادە خاتونەکانی کۆشکی ئەشکانیەکان بەکارهاتوە، (کتابی، ١٣٧٩، ١٧٩)، هەروەک نوسەرێکی دیکەش هەمان ڕای هەیەو پێیوایە لێکدانەوەی هەڵە بۆ وشەکە کراوە لەسەردەمی دێرینی پارسەکان بەهاوسەری شاژن و خوشک گوتراوە (خواهر-خوشک)، بۆیە تێکەڵاویەک دروست بوە لەشیکردنەوەی وشەکە(ستاری و حقیقي، 1393، 90)، لەسەردەمی ئەشکانیەکانیشدا و لەنوسراوە فەرمیەکانی یۆنانیەکاندا ئاماژە بەوەکراوە،کە وشەی (ادیلفە) یان بەکارهێناوە واتا هەم خوشک و هەم خێزان و شاژن واتا یەک دەربڕینیان لەگوتارو نوسیندا هەبوە(شهبازی، ١٣٨٠، ٢٥).

## تەوەرەی دوەم: هاوسەرگیری قەدەغەکراو لەناو گەلانی ئێرانی کۆندا (ئیلام[2]، هەخامەنشی[3]، ئەشکانی[4]، ساسانی[5])

بابەتی هاوسەرگیری محارم لەناو ئیلامییە کۆنەکاندا پرسێکی کلتوری و سیاسی بوە(افخمی و خسروی،1396، 429-430) بۆیەکەمین جار ئەم هاوسەرگیریە لە دەوروبەری هەزارەی سێیەمی پێش زاینی لەناو دەرباری کۆشک و خێزانی پاشاکاندا سەری هەڵداوە، کە ئەوکات لەبەشێکی فراوانی باکورو خۆرئاوای ئێران دەسەڵاتی سیاسیان دامەزراندبو(بویس، 1376، ٨١)،لەکۆمەڵگەی ئیلامیدا، تێروانینێکی تایبەتیان بۆ ژن هەبوە، لەبەشی زۆری پەیکەرو هەڵکۆڵراوە هونەریەکانیاندا وێنەیان کێشاوەو بەشێکیان لە ڕێوڕەسمی ئاینییشدا بەشداریان پێکراوە(پدادا، ١٣٥٥، ١٦١؛ مجید زادە،١٣٨٦، ١٤١)، بۆنمونە لەکلتوری ئیلامیدا شاژن پارێزەری وەچەی پاشایەتی بو، پێیان وابو بنەچەو تۆوی پاک و خوێنی پیرۆز لە ژنەوەیە نەک پیاو، بەوهۆیەوە ژنان پێگەی بەهێزیان هەبو لەکۆمەڵگەداو دایکان ڕێزلێگیراوبون (عابدوست و کاضم پور،١٣٨٧، ١٧٥)، ((لەم سۆنگەی بەپیرۆز ڕاگرتنی ژن و لەژێر ڕۆشنایی دەقە ئەفسانەیەکانیاندا کەپێشتر ئاماژەی پێکرا))، هاوسەرگیری محارمیان وەرگرت و لە نێو خێزانی فەرمانڕەواشدا ڕەنگی دایەوە و بەرگێکی ئاینیشیان بەبەردا کردبو، بۆ نمونە لە زنجیرەی خوداوەندانی ئیلام خوداوەندێکی ژن هەیە بە ناوی (کیریریش) ئەم خوداوەندە ناسناوی هاوسەری گەورە و دایکی خوداوەندانی پێبەخشراوە ئەم خوداوەندە ژنە لە تۆمارە مێژویەکاندا وەها ناوی هاتوە کە هاوسەرگیری لەگەڵ دو خوداوەندی گەورەی ئیلامدا کردوە لە یەککاتدا بەناوەکانی (هومبان و شوشیناک)وێنەی ئەم خوداوەندانە وەها کێشراوە کە سەر بەیەک خێزان بون، ئەم جۆرە لە

پەیوەنـدی نێـوان خوداوەنـدانی ئـیلام وەک خـۆی لەنـاو خێزانەکـانی پاشـایانی ئـیلام ڕەنگیـداوەتەوە، (هینـــتس،١٣٨٨ ٣٦) وەک چـــۆن دەبینـــین لەبنەمـــاڵەی (ئـــاپرتی) کە ئەم بنەمـــاڵەیە یەکێـــک بـــون لەبنەمـاڵە فەرمانڕەواکـانی ئـیلام،لە نێـوان سـاڵانی(١٩٠٠-١٥٠٠ پـێش زاین)فراوانتـر بـون (افخمـی و خسـروی، ١٣٩٦، ٤٤٢) کـورەکەی پاشـا ئـاپرتی بەنـاوی (شـیلهە=shilhaha) لەگەڵ خوشـکەکەی هاوسـەرگیری کـردوەو نازنـاوی دایکـی خێزانـی ئـاپرتی پێـدراوە، ئەم نازنـاوەش تـا ڕۆژگارەکـانی دواتـــریش بەوکەســـانە بەخشـــراوە کە لەنەوەی ئەم ژنە بـــوبن، (مجیـــد زادە، ١٣٨٦، ١٤)، ئەمەش وایکــردوە پارێزگــاری لەسیســتەمی ژنســالاری بــکەن و یەکێــک بــو لەنەریــتە باوەکانیــان، ژنــان مافیـان لەمیراتـی پاشـایی و کورسـی دەسـەڵاتی هاوبەشـدا هەبـوە لەگەڵ براکەیـان و لەهەمـان کاتـدا هاوسەریشـیان بـون (هینـتس، ١٣٨٨، ٨٣) بۆنمـونە هاوسـەری (شـیلهە=shilhaha) (مجیـد زادە، ١٣٨٦، ١٤)، بـۆیە لەنـاو ئەو خێـزانەدا هـیچ پیاوێـک شایسـتەی پاشـایەتی نەبـوە تەنهـا بەمەرجێـک دەبـــوایە لەنەوەی شـــاژنی یەکەم بێـــت (افخمـــی، ١٣٩٦، ١٤)، بەشـــێوەیەکی گشـــتی یەکێـــک لە تایبەتمەنـــدیەکانی نـــاو بنەمـــاڵەی شـــاهانەی ئیلامـــی هاوســـەرگیری قەدەغەکراو،بـــوە، تایبەتمەنـــدی شـــازادەی جێنشـــینیش بـــوە، کە دەبـــوایە شـــازادە بەرهەمـــی ئەم هاوســـەرگیریە بێـــت ئینجـــا مـــافی ئەوەی هەبـــو ببێـــتە پاشا بۆنمـــوە کـــوری پاشـــا ئـــاپرتی ئەو تایبەتمەنـــدیەی هەبـــوە(هینتس، ١٣٨٨، ٨٣).

ســـــەبارەت بە هاوســــــەرگیریقەدەغەکراو (هـــــاوخوێنی) لەدەوڵەتـــــی هەخامنیشـــــیدا هە، ئەوا کــاریگەری ئیلامیەکانییــان لەســەر بــوە (195, 1988Ardala,)، بەگــوێرەی ســەرچاوەکانیش بێــت پارســـەکان هێـــواش هێـــواش پەیوەنـــدی سیاســـی و کـــۆمەڵایەتی خۆیـــان لەگەڵ ئیلامیەکانـــدا دروســتکردوە (Heekelman, 2011,18) چــونکە یەکێــک لەو تایبەتمەنــدیانەی هەخامەنشــیەکان هەیـــانبو ئەوە بـــو پـــێچەوانەی گەلانـــی ڕۆژگـــاری خۆیـــان، کلتـــوری هەرێمەکـــانی دەوروبەریـــان زوتـــر وەرگرتـــوەو و زیـــاتر ڕەنگـــدانەوەی لەســـەریان دەبینرا(وثـــوقي، نیـــک خلـــق، 1390، 17)، وەک نوســـەریش بـــاس لەوە دەکـــات پارســـەکان ژن و ژنخوازیـــان لەگەڵ ئیلامیەکانـــدا دروســـت کــردوە و یەکەمــین پەیوەنــدیش لەســەردەمی پاشــای ئــیلام( شــوترک-نهــۆنیەی دوەم ٧١٧-٦٩٩پ.ز) ی بــوە،کە بۆدروســتکردنی یەکێتیەکــی سیاســی بــو لەنێــوان هەردوک لادا دژی ئاشــوریەکان[6]* (warter, 2011, 69) بەڵام لەدواتــردا بەهــۆی یەکگرتنــی هــۆزە پارەســەکان و لاوازکردنــی ئاشــوریەکان، (جــیش پــیش-٦٥٠-٦٢٠پ.ز) کە فەرمـــانڕەوایەکی پارســـەکان بـــو دەســـتی بەســـەر بەشـــێک لە وڵاتـــی ئیلامـــدا گـــرت و دوای خۆیشـــی کـــوڕە گەورەکەی (کۆرشـــی یەکەم-٦٤٠-

٥٩٠پ.ز)و (ئايارمينـــا) توانيـــان دەســـت بەســـەر ڕۆژهەڵـــأت و ڕۆژئـــاوای هەرێـــمەکەدا بگـــرن بەشـــێوەيەک ئايارمينـــا لەبەشـــی ڕۆژهەلاتـــی و کۆرشـــی يەکەمـــيش لەبەشـــی ڕۆژئـــاوای هەرێـــمەکە فەرمانڕەوايەتيان دەکرد (139, Moosavi,2010؛ سامی، ١٣٨٩،٢٩-٣٢).

لەڕاســـتيدا لەنـــاو دەوڵەتـــی هەخامنيشـــيدا ١٥ حـــاڵەتی هاوســـەرگيری _محـــارم هەبـــوە(هيرودۆتس،٧، 223-224) لەگرنگتـــرين نمـــونەی ئەو هاوســـەرگيريە هاوســـەرگيری کۆرشـــی دوەمـــی دامەزريـــنەری دەوڵەتەکە (559-٥٣٠پ.ز) بـــو هاوســـەرگيری لەگەڵ کچـــی پاشـــا اســـتياگ دوا پاشـــای مـــاد کـــردوە واتـــا لەگەڵ پـــوری ئەم پـــورەی خوشـــکی دايکـــی بـــوە نەک خوشـــکی بـــاوکی (بروســـيوس، ١٣٧٨، ٦٠)، دوای ئەويـــش کمبـــوجيە(٥٣٠-٥٢٢پ.ز) هەروەهـــا داريوشـــی دوەم (٤٢٣-٤٠٤ پ.ز) لەگەڵ پروشـــاتی خوشـــکی (زريـــن کـــوب ١٣٩٠، ١٧٩؛ کريســـتنيس,د.ت،309)) هەروەهـــا ئەردەشـــێری دوەم(٤٠٤٠-٣٥٨ پ.ز) لەگەڵ هەردو کچەکـــانی بەناوەکـــانی (اتوســـا، ئەمســـترين) (زريـــن کـــوب، 191، 1390،؛ کريســـتنيس,د.ت،309)،(کە لەم تەوەرەدا درێـــژەی بـــابەتەکە هەيە)، لەبنەڕەتيشـــدا بـــۆ شـــەرعيەتدان بـــوە بەدەســـەلات و بەهێزکردنـــی پـــێگەی خۆيـــان لەتەختـــی پادشـــايی(1988,195Ardola,)، يەکەمـــين بەڵـــگەی مێژويـــی لەســـەر ســـەرهەڵدانی ئەم هاوســـەرگيريە لەنـــاو دەوڵەتەکەدە دەگەڕێـــتەوە بـــۆ پاشـــا (کمبـــوجيە=قەمبيز)، کە هاوســـەرگيری لەگەڵ دو خوشـــکی کـــردوە، بەداهێـــنەری ئەم ديـــاردەيە دادەنرێـــت، بەخوێنـــدنەوەی چيپـــرکەکەش لەوە تێـدەگەين پـێش ئەم پاشـايە حـاڵەتەکە بـونی نەبـوەکە هاوسـەرگيری لەگەڵ خوشـکی خۆيـان بـکەن واتـا پـێش ئەم پاشـايە لەگەڵ پـوری خۆيـان هاوسـەرگيريان کـردوە نەک خوشـک، بـۆيە هەرکەسـێک و پاشـايەکی ديـکە دوای کمبـوجيە ئەم کـارەی کردبێـت جۆرێـک لە لاسـايکردنەوەی ئەو بوە،(شـهبازی،١٣٨٩، ٢٠)، داسـتانی هاوسەرگيريەکەشـی لەگەڵ خوشـکەکانيدا لەگێرانەوەکـانی (هيـــرودۆت)ەوە بەم جـــۆرە بـــاس کـــراوە:«دوای ئەوەی کۆرشـــی گەورە کـــورە گەورەکەی کمبـوجيەی لەسـەر تەختـی پاشـايی دانـا، ئەم پاشـا تـازەيە مرۆڤێکـی کيـنە لەدڵ و دڵ ڕەق و پەسـت بـو، يەکەمـين کارێـک کە کـردی کوشـتنی بـرا هۆشـمەند و دلێـرەکەی بـو بەنـاوی بورديـا، چـونکە ترسـی هەبـو جـێگەی پـێ لەق بکـات و لە پاشـايەتی لای بـدات دوای ئەوە خوشـکەکەی دەکەوێـتە دڵـيەوە بەنـوی ئاتوسـا،.....، پاشـان قازيەکـانی کۆشـی بانـگ کـردو پرسـياری ئەوەی لێکـردون ڕەوايە هاوەسـەرگيری لەگەڵ خوشـکی خۆيـدا ئەنجـام بـدات؟ بەلام قازيەکـان ياسـايەکيان نەبـو ە تـاڕەوايەتی بەو هاوسـەرگيريە بـدات، بـۆيە لەترسـی گيـانی خۆيـان، لەوەلامـدا گوتويـانە (لە هـيچ جـێگەيەک و لەهـيچ ياسـاياکدا، نيـيە ڕێـگە بەم جـۆرە هاوسـەرگيريە بـدات،بەلام

نوســـــراوی یاســـــایی هەیە کە دەڵێـــت: پاشـــا حەزی لەهەرچـــی بێـــت دەتوانێـــت ئەنجـــامی بـدات»،بەمجـۆرە قازیەکـان یاسـا شـکێنیان نەکـردو توانیـان دەرچەیەکـی یاسـایی بـۆ هاوسـەرگیری کمبـــوجیە بـــدۆزنەوە، پاشـــان هاوســـەرگیری لەگەڵ ئەوخوشـــکەی کـــرد کە بچـــوکتر بـــو لەدو خوشـکەکەی تـری، دوەم تـاوانیش کە کـردی خوشـکەکەی کە هەم هاوسـەری بـو، دوای ئەوەی کە هــاوەڵایەتی کـرد بـۆ میسـرو هەر لەوێـش بەشـێوەیەکی دڕانـدە کوشـتی، هەرچەنـدە خوشـکەکەی لێـی دوگیـان بـو(الملاح، 2001، 231؛ هیـرووۆوتس،٢٠١٣، ٣، ٣١)بەمجـۆرە تێـدەگەین لەسـەردەمی هەخامنیشـــی و دواتـــریش یاســـایەک نەبـــوە تـــایبەت بەم هاوســـەرگیریەو ڕێـــگە پێـــدراو نەبـــوە، (Agathias/2, 1975,23)ئەم جـۆرە هاوسـەرگیریە تەنهـا لەنـاو پاشـایان نـا بەڵکـو لەنـاو فەرمانــدە ســەربازیەکانی هەخامەنشــیش بەرچــاو دەکەوێــت ببــۆ نمــونە بــاس لەفەرمانــدەیەکی ســـەربازی هەخامەنشـــیەکان دەکرێـــت بەنـــاوی (تیـــری تـــوچمس=Teri tochmes) کەســـەر بەنەجیـــب زادەکـــانی پارســـەکان بـــوە لەگەڵ یەکێـــک لەخوشـــکەکانی بەنـــاوی (ڕۆشـــنک) هاوسەرگیریەکەی کردوە، (Berv1926,722).

نمـــونەیەکی تـــری هاوســـەرگیری محـــارم هاوســـەرگیری ئەردەشـــێری ســـێیەم بـــو لەگەڵ خوشـکەکەی بەنـاوی (ئاتوسـا) و داریوشـی سـێیەم(٣٣٦-٣٣٠پ.ز) کە دواپاشـای هەخامنیشـیەکان بــوە بــاس لەوەدەکرێــت لەدایــک بــونەکەی ئەنجــامی هاوســەرگیری قەدەغەکــراو بــوە، ئەویــش لەگەڵ خوشـــکەکەی بەنـــاوی (ئستانیدا)هاوســـەرگیری کردوەفەرمانـــدەیەکی تـــری ســـەربازی داریوشی سێیەمیش لەگەڵ دایکیدا هاوسەرگیریەکەیان ئەنحامداوە(Bervi , 1926 ,711)

بەشـێوەیەگی گشـتی ژن بەشـێکی دانەبـڕاوی نـاو کـۆمەڵگە کۆنەکـانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـوە، سـەرەڕای سـنورداركردنی مافەكانیـان و سـەپاندنی سیسـتەمی پیاوسـالاری، بەڵام توانیویـانە جـێگەی خۆیـان بـكەنەوەو ئەرکـی خۆیـان ڕاپەڕێـنن، لەوسەردەمەشـدا ژن بێـبەش نەبـوە لەومـافەو توانیویـانە جـومگە سـەرەکیەکانی کـۆمەڵگە بگـرن و ڕۆڵـی بەرچاویـان گێـراوە، تـا ببـنە فەرمانـدەو پارێزگـــارو کـــاهینی گەورەو ســـــەرەڕای ئەوەی کاروبـــاری دادگاکانیشـــیان وەرگرتـــوە (سـیبرت،١٣٧٩، ٢٩-٣٠)، هەرچەنـدە لە دەوڵەتـی هەخامنشـیدا سیسـتەمی خێـزان پیاوسـالاری بـو پـێچەوانەی دەوڵەتـی ئـیلام کە ژنسـالاری بوە(رضـايي، 1376، 91)، بەڵام ژن دەسـتێکی بـاڵای هەبـوە ئەوەی جـێگەی باسـە مێژونوسـە یۆنانیەکـان لە نوسـینەکانیاندا باسـی ژنـانی هەخامنیشـیان وەک هاوســـەرانی پاشـــاکان کـــردوەو بۆنمـــونە پروشـــات و ئاتوســـا بەشـــێوەیەکی جیـــاواز دەربارەیـــان دواون و بە ســـتەمگیرو دڕنـــدەو لێـــوان لێـــو لە دڵڕەقـــی ناویـــان بـــردون و وا باســـی

پاشـــاکانیان کـــردوە کە وەک بـــوکەڵەیەک وابـــون لەدەســـتی شـــاژنەکانیان و بە ویســـتی خۆیـــان پاشـــایان بەکارهێنـــاوەو فەرمانیـــان پێـــدەرکردون کە لەدواتـــردا ئاماژەیـــان پێدەکرێت(بروســـیوس، 1379، 41)، ڕۆڵـــی ژن لەدەوڵەتەکەشـــدا بەشـــێکی زۆری ســـەرچاوەکان بـــاس لەوە دەکەن بەگشـــتی، بەدو شـــێوەی ڕاســـتەوخۆو ناڕاســـتەوخۆ بەشـــداری سیاســـیان کـــردوە، بەشـــێوە ڕاسـتەوخۆکەی ڕۆڵیـان لەکاروبـاری سیاسـی و کاریگەریەکانیـان لەسـەر فەرمـانی پاشـا هەبـوە، ناراســتەوخۆکەش، بەجۆرێــک بــو ڕۆڵیــان لەدیــاریکردنی شــاژن هەبــو بەشــێوەی هاوســەرگیری سیاســی (حجــازی،١٣٥٨، ١٢٢)، بۆنمــونە پروشــاتی دایکــی ئەردەشــێری دوەم کــوڕەکەی ناچــار دەکـــات هاوســـەرگیری لەگەڵ خوشـــکەکەی بکـــات پێـــی دەڵێـــت:«پەیـــڕەوی نەریـــت و یاســـای یۆنانیەکـــان مەکە»و پاشـــان پێیـــدەڵێت: «تـــۆ پاشـــای هەرچیـــت بوێـــت دەتـــوانی ئەنجـــامی بـــدەی»(شـــهبازی،١٣٨٠، ١٢)، ئەمەش بەڵگەیەکـــی دیـــکەیە لەســـەر ئەوەی ئەم پرســـە لەکـــۆمەڵگەدا بـــاو نەبـــوەو، هەروەهـــا کاتێـــک پروشـــاتی دایکـــی هەمـــان ڕســـتەی قازیەکـــان دوبـــارە دەکـــاتەوە بەمەبەســـتی ڕەوایەتیـــدانە بە پرۆســـەکە، هەرچەنـــدە تـــا ســـەردەمی ئەردەشـــێری دوەمـــیش هـــیچ یاسـایەک بـونی نەبـوە ڕێـگە بەم هاوسـەرگییە بـدات و خـودی ئەردەشـێر دژی ئەم کـارە بـوە بەڵام دایکــی ناچــاری دەکــات و بەزۆر کــاری هاوســەرگیریەکە ئەنجــام دەدات پێیــان، (Agathias/2, 1975,23) پروشـــات یەکێـــک بـــوە لە ژنە ئازاکـــانی نـــاو کۆشـــک و بەژنێکـــی مەترســـیدارو فێڵبـــاز بەنـــاو بانـــگ بـــو، بەڕادەیەک ترســـناک بـــوە هاوکارەکـــانی و دەســـت و پێوەنـــدەکانی کە ســـەرپێچی فەرمانەکانیـــان بکـــردایە، لەترســـی ســـزاو کینـــەی ئەو، کـــاری خۆکوژیـــان ئەنجامـــداوە(حجازی،١٣٥٨، ١٢٦)، هەروەک هیـــرودوت بە تـــوڵە ســـتێن وزاڵـــم وەســـفی کردوە(هیـــرودوتس،9،1 1-10)، هەر لەنـــاو دەوڵەتەکەدا، هەنـــدێک لە ژنەکـــان خـــاوەنی پـــلان و ســـتراتیجیەتێکی گرنـــگ و بەهێـــز بون،بۆنمـــونە ئاتوســـا یەکێـــک بـــوە لە ژنە بەهێزەکـــان، دوای ئەوەی کمبـــوجیە هاوســـەرگیری لەگەڵ خوشـــکەکەی دەکـــات ئەتوســـا بەم کـــارەی نیگەرانـــی و نـــاڕەزایەتی خـــۆی دەردەبڕێـــت چـــونکە کمبـوجیە نەیکـردوە بەهاوسـەری خـۆی، بـۆیە بەهاوکـاری موغێـک کە بە بـراکەی بەنـاوی (بردیـا) دەیناســـێنێت و دەیکـــاتە پاشـــای هخامنیشـــیەکان و لەدواتریشـــدا بردیـــای درۆزن لەنـــاو دەبـــات و هاوســـەرگیری لەگەڵ داریوشـــی یەکەم (521-486پ.ز) دەکـــات و بەم کارەشـــی ڕۆڵـــی هەبـــو تـــا داریـــوش بکـــاتە پاشـــا، (حجـــازی، ١٣٥٨، ١٢٤-١٢٥)، گرنگرتـــرین جـــۆری هاوســـەرگیریەکەش ئەم هاوســـەرگیریەی ئەتوســـاو داریـــوش بـــوە کە بەمەبەســـتی شـــەرعیەتدان بـــو بەدەســـەڵاتەکەی، بەرهەمـــی هاوســـەرگیریەکەش لەدایـــک بـــونی خشایارشـــا(485-٤٦٥پ.ز) ی بـــو، نەک هەر ئەمە

بەڵكـــوڕۆڵی گەورەی هەبـــو لەوەی خشارشـــا بكـــاتە پادشـــا بەبیـــانوی ئەوەی لەخـــوێنی كۆرشـــی مەزنە، بـــۆیە خشارشـــیا زیـــاتر شـــانازی بەوەوە دەكـــرد كە كـــوری ئاتوســـایە لەوەی كە لە خـــوێنی كۆرشـــــــی مەزنە،(حجـــــــازی، ١٣٥٨، ١٢٤-١٢٥؛افخمـــــــی و خســـــــروی، ١٣٩٦، ٤٤٦) هەروەک (هیـــرۆدوتس)یش بـــاس لە ئاتوســـا دەكـــات و بەفەرمـــانڕەوای باڵادەســـت و ڕەهـــا نـــاوی بـــردوەو ئامـــاژەش دەكـــات دەســـەڵاتی نـــاوبراو لەســـەروی هەمـــو دەســـەڵاتەكانی پاشـــاو دامەزراوەكـــانی نـــاو كۆشـــــک بـــوە (هیرۆدوتس\پەرتـــوكی 7، 2-3)، لەگەڵ ئەوەشـــدا بەڵـــگە مێژویەكـــانی ســـەردەمی دەوڵەتەكە پـــێگەی ژنەكانیـــان بەرز نیشـــان دەدات، بەتـــایبەت شـــاژن و ژنـــانی خـــانەدانی پـــارس، كە چـــۆن لەســـەر تەختـــی پاشـــا دانیشـــتون و لە دەوریانـــدا خزمەتكـــار هەبـــوە، وە لەڕوی ئـــابوریەوە بەهێـــز بـــون و خـــاوەنی زەوی و زارو بـــاخ و ئـــاواییی بـــون، خەرجـــی زۆریـــان كـــردوە لەپێنـــاو خوشـــگوزەرانی خۆیـــان، بەشـــێوەیەک بەشـــێک لەپێداویســـتیەكانی ڕۆژانەیـــان كـــاڵای گـــران بەهـــابوەو لەدەرەوەی دەوڵەت بۆیان هاوردەكراوە(ماری كخ،١٣٨٥، ٢٧١).

بەڕای نوســـەر ئەم جـــۆرە هاوســـەرگیریە لەئەنجـــامی بەرژەوەنـــدی و پـــاڵنەری سیاســـی ســـەریان هەڵـــداوە بەجۆرێـــک پاشـــایانی دەوڵەتەكە هەمیشـــە هەوڵیـــان دەدا هاوســـەرگیری نـــاوخۆ لەنـــاو خێزانەكەنیان(محـــارم) ئەنجـــام بـــدەن بەوجـــۆرە خێزانـــی شـــاهانە بە ڕوی بیگانەكانـــدا دادەخـــراو فەرمـــانڕەوایی لەدەســـت خۆیانـــدا دەمـــایەوە، بـــۆیە جـــێگەی ســـەر ســـوڕمان نیـــیە خێزانـــی پاشا پێگەیەكی بەهێزترو تایبەتریان هەبو لەناو كۆشكدا،(١٣٨٥، ٥٤-٥٨)

بەســـــەرنجدان لەنوســـــراوەكەی داریـــــوش كە لەكێـــــوی بێســـــتون ئامـــــاژەی بە ڕەچەڵەک و ڕیشـــەی خێزانـــی هەخامنیشـــی كـــردوە كە دەڵێـــت :« بەوجـــۆرە ئـــێمەی هەخامنیشـــی لە ڕیشـــەمانەوە لە تـــۆوی پاشـــایان بـــوین»، بـــۆیە لەوە تێـــدەگەین كە نەژاد و پارێزگـــاریكردن لە ڕەگەزی خۆیـــان گرنگـــی زۆری هەبـــوە(kent, 1953 ,11)، ئەمەش پاڵپشـــت بەو بەڵـــگەیەی بـــاس لەوە دەكـــات كە نەژادی هخامنشـــی لەســـەر ســـێ بنەمـــا بنیـــاتنراوە بەمشـــێوەیە:(خاڵی ١و ٢ی پێویســـت بـــو دایـــک و بـــاوكی پاشـــا لەخێزانـــی هەخامنشـــی بێت،خـــاڵی ٣- یـــان مەرج بـــو پاشـــا دەبێـــت لەخـــوێنی یەكێـــک لەحەوت خێـــزانە نەجیبزادەكـــانی گەورەی پـــارس بێـــت، ئەگەر پاشـــا یەكێـــک لەو ســـێ تایبەتمەنـــدیەی تێـــدا نەبـــوایە نەیـــدەتوانی بەتەختـــی پاشـــاییی بگـــات»(افخمـــی و خوســـروی، ١٤٩٦، ٤٤٦)، بەلەبەر چـــــاوگرتنی ئەو ســـــەرنجانەش دەردەكەوێـــــت پاشـــــایانی هەخامنشـــــی بەتەواوی پەیـــــڕەوی هاوســـەرگیری كردنیـــان لەگەڵ خزمـــانی پـــلە یەک بەتـــایبەت خوشـــكانی خۆیـــان ئەنجـــام داوە، بەپێویســـتیان زانیـــوە منـــداڵێک بۆجێنشـــینی بەرهەم بهێنرێـــت، بـــۆیە زۆر بەگـــرنگیەوە دەیـــانڕوانیە

نەژادو خـــوێنی شـــاژن (ادی،١٣٩٢، ٧٠-٧٢) چـــونكە بروایـــان وابـــوە ژنـــانی خـــوێنی شـــاهانە كەسانێكن شایستەی شاژنی و دایكی شازادەبونیان هەیە(رضاي راد، 1389، 290).

ئەم هاوســـەرگیرییە كە جـۆرێكی هاوسـەرگیری نـاو دەوڵەتەكە بـو، بەدرێژایـی مێـژوی خۆیـان ســەنگی خـۆی هەبـو هەرچەنـدە لەڕوی سیاسـی و نێودەوڵەتیشـەوە بەرەو لاوازی ڕۆیشـتبێتن و توانـای داكۆكیردنشـیان نەبوبێـت لەخۆیـان بەڵام زۆر سەرسـەختانە خەریكـی پارێزگـاریكردن لە خێزانـی شـاهانەو نەژادی خۆیـان بـو، بەگـوێرەی نوسـراوەكانی ئەردەشـێری دوەم بێـت بەجۆرێـك پێیـان وابـو خواوەنـد ئاناهیـدە[7] و ئـاهوڕامزداو میتـرا [8] ناسـاندنی دەوێـت هەڵسـەنگێنەری یەكەم مامۆسـتا لەسـەرچاوە فارسـیەكاندا هەیە لام نەبـون ئەرك نەبێـت تەختـی پادشـایی و ئەو دەسەڵاتەیان بە بەوان بەخشیوە(kent , 1953 ,15).

هەرچـی بەهاوسـەرگیری قەدەغەكراویشـە لەدەوڵەتـی ئەشـكانیدا بەگـوێرەی بەڵگەنـامە بەردەسـتەكان بێـت سـێ حـاڵەتی هاوسـەرگیریەكە ئەنجـام دراوە(هیـرۆدۆتس،/٧، ٢٢٤)، بۆنمـونە فەرهـادی پێـنجەم (٢پ.ز-٥ز) كـوڕی فەرهـادی چـوارەم(37پ.ز-2پ.ز)هاوسـەرگیری لەگەڵ دایكـی كـردوە، كە نـاوی (Musa-موزا)بـوە، مـوزا كەنیزەیەكـی ئیتـاڵی بـوە، (klapproth,1988,15)دوای ئەوەی مـوزا هاوسـەری یەكەمـی كە فەرهـادی چـوارم بـوە دەكوژێـت، چـونكە ئەم ژنە ئـارەزوی زۆری هەبـوە بۆگەیشـتن بەدەسـەڵات، بەم كارەشـی نەجیـب زادەو پیـاوانی گەورەی دەربـاری كۆشـكی توشـی تـوڕەیی و بێـزاری كـردوە، ئەویـش بـۆ دەربـاز بـونی گیـانی خـۆی هاوسـەرگیری لەگەڵ كـورەكەی كردوە،وەبیـانوی بـۆ كوشـتنی هاوسەرەكەشـی ئەوەبـو تـاكو میراتـی پاشـای ئەشـكانی بـۆ كـوڕەكەی بێـت (wianemaned,2008,137)، هەروەهـا لەیەكێـك لەڕاپـۆرتە بـابلیە كۆنەكـانی سـاڵی ٧٥پـێش زاینیـدا، بـاس لە پاشـا ئارشـامی ئەشكانی(سـاڵ نادیـارە) كـراوە كە هاوسـەرگیری لەگەڵ خوشـكەكەی كـردوە بەنـاوی (ئەسـپرز)، (شـهبازی،1381،19)نمـونەیەكی تـری هاوسـەرگیری محـارم لەنـاو دەوڵەتـی ئەشـكانی لەنـاو ئەو تۆمـارە ئەشـكانیەدا بـاس كـراوە كە لە هەورامـان-كوردسـتان دۆزرایەوە كە بە زمـانی یۆنـانی كـۆن نوسـراوە ئامـاژە بەوە دەكـات كە پاشـا ئەرشـكی ئەشـكانی لەگەڵ خوشـكەكەی هاوسـەرگیری كـردوە تۆمـارەكە بەم جـۆرە باسـی هاوسـەرگیریەكەی پاشـا ئەرشـك لەگەڵ خوشـكەكەی دەكـات: «پاشـای پاشـایان (**ئەرشـك**)ی چاكەكـارو دادپەروەرو چاكەكار،هـاوڕێی یۆنانیەكـان هاوسـەرگیری لەگەڵ شاژنە(سـیتكە) كـردوە كە هەم هاوسـەرو هەم لەبـاوكیەوە **خوشـكی** بـوە» لەدەقەكەدا ئەوەش دەركەوتـوە پاشـا ئەرشـك

سـێ ژنـی هەبـوە کە دانەیەکیـان کچـی پاشـای ئەرمەنسـتان تیگرانـی گەورە بـوە (Minns,1915,31)، ئەم شـێوازە هاوسـەرگیریەش لەسـەردەمی دەوڵەتـی ئەشـکانیدا تەنهـا تـایبەت نەبـو بەنـاو کۆشـکی پاشـا بەڵکـو زۆر جـار ئەو سـنورەی تێپەڕانـدوەو شانشـینەکانی ژێـر دەسـەڵاتی دەوڵەتـی ئەشکانیشـی گرتـۆتەوە بۆنمـونە شانشـنیی ئەدیـابین کە پـایتەختەکەی ئەربێلا(هەولێـر) شانشـینێکی هەڵکەوتـو لە خۆرئـاوای دەوڵەتـی ئەشـکانی بـو، شـاژنە هێلینـاو بـراکەی بەنـاوی (مونوبازوسـی یەکەم) کەپاشـای شانشـینەکەش بـوە و ئەم هاوسـەرگیریەیان ئەجامـداوە، (غەفـوری، 2014،32 ؛ رضـا واحمـد،2023 76). پاشـانیش هەردوکیـان ئاینەکەیـان دەگـۆڕن و دەبـن بە جـولەکە، ئەمەش بـابەتێکی دورو درێـژەو پەیوەسـت نیـیە بە تـوێژینەوەکەی ئێمەوە.

سە بارەت دەوڵەتی ساسانیش* بێبەش نەبوە لەو جۆرە هاوسەرگیریەو هەرچی حاڵەتەکەیە ئەوە تەنهـا چوار تـا پینج حـاڵەت هەبوە (Berve , 1926, 192)، وەک سـەردەمەکـانی پێش خۆیـان ئەم هاوسەرگیریە لەناو بنەماڵەی شاهانەدا دەستی پێکردوە، لەسەردەمی ئەردەشێری بابەک و دامەزرێنەری دەوڵەتەکە (224-241زاییینی) ئەم جۆرە هاوسەرگیریە بونی هەبوە.

پاڵپشـت بە قسـەکەی نوسـەری ئەو سـەردەمە (دیـوژن) کە دەڵێـت: «یاسـای هاوسـەرگیری دایـک لەگەڵ کـور، بـاوک لەگەڵ کـچ، ڕەوایەتـی پێـدراوەو ڕێـگەی لێنەگیـراوە»(شـهباز، ۱۳۸۰، ۱۲) لەبەردە نوسـی سـێ زمـانەکەی شـاپوری یەکەم (242-272 زاینـی) کە لەسـەر دیـوارە دروسـتکراوەکانی هەخامنشـیەکان، لەتەختـی ڕۆسـتەم 241ز،(بەکەعەکـبەی زەردەشـت) ناسـراوە، هـاتوە:«شـاپور لەبەرامـبەر هەنـدێک گوناهـدا کە ئەنجامیـداوە ویسـتی خێـر ببەخشـێتەوە، بەو بـۆنەوە پۆلێـک لەخەڵـک لەناویانـدا شـاژنی شـاژنەکان (دینـک) هـاتوە، کە خوشـکی ئەردەشـێری پاشـا بـوە، لەگەڵ کچـی شـاژنی شـاژنەکان بەنـاوی(ادور -اناهیـدە)» بـوە هـاتوە"، بەگـوێرەی ئەم دەقە نوسـراوەو لێکـدانەوەی مێژونوسـان بێـت شـاژنە (دینـک) خوشـک و هاوسـەرو شـاژنی ئەردەشـێری یەکەم بـوەو وە شـاژنە (اناهیـدە) هەم خوشـک و هاوسـەری شـاپور بـوە (شـهبازی، ۱۳۸۰، ۱۹)، هەر لەنـاو شانشـینەکەدا بـاس لەهاوسـەرگیری یەزدگـوردی دوەم (٤٣٨-٤٥٧ز) دەکرێت لەهەشتەهەمین ساڵی پاشایەتیەکەیدا کە کچەکەی خۆی کردۆتە هاوسەری (Hoffman ., 1969, 95)

پاشـــان بەهـــرام چـــوبين(٥٩٠-٥٩١ز)، لەگەڵ خوشـــكەكەيدا بەنـــاوی (گـــورديە) ئەم جـــۆرە هاوســـەرگيريەی ئەنجـــام داوە(طبـــري،1789، ج1، 1998)، بەڵام دوای ئەوەی دێـــتە پـــاڵ ئـــاينی مەسـيحی لە خوشـكەكەی جيـا دەبێـتەوە(Hoffmans, 1969, 95)، بەگـوێرەی سـەرچاوەكان بێـت پاشـا قوبـاد(٤٩٨-٥٣١ز)، لەگەڵ كچەكەيـدا بەناوی(سـانبيكە) هاوسـەرگيری كـردوە، لەئەنجـامی ئەم هاوسەرگيريەش پاشا كاوس(٥٣١-٥٣٧ز) لەدايک بوە.(Marquart, 1901, 130).

شـايەنی باسـە ئەم جـۆرە هاوسـەرگيريە لەگەڵ دروسـت بـونی دەوڵەتە يەک لەدوای يەكەكـانی ئێـران بەتـايبەتی ئەشـكانی و و دواتـريش هەرچەنـدە هەر هەبـوە بەڵام كەمتـر بـوەتەوە، تـا كۆتـايی سـەردەمی ساسـانی بەتێـروانين لە ياسـايی(مارابا=Mar Aba)، ياسـايەكی كـۆمەڵايەتی بـوەو لەكۆتـايی سـەردەمی ساسـانيدا و لەلايەن شـوێنەوار ناسـانەوە دۆزراوەتەوە، بەگـوێرەی ياسـاكە هاوسـەرگيری محـاريمی قەدەغەكـردوە، تەنـانەت هاوسـەرگييری پيـاو لەگەڵ بـراژنەكەی لەدوای مردنـی براكەشـی قەدەغەكـردوە، تـا ئەوكـاتەی ئـاينی مەسـيحيان وەرگـرت و بەيە كجـاری هاوسەرگيری (محارم)يان هەڵوەشايەوە.(Braun,1900,100 , 93).

## تەوەرەی سێيەم: هاوسەرگيری قەدەغەكراو بەگوێرەی بيرو باوەری زەردەشتی*:

هەرچـی گواسـتنەوەی ئەم نەريـتەيە بـۆ نـاو ئـاينی زەردەشـتی، بەبـڕوای (ويـدون گـری)، ڕيشـەكەی دەگەڕێـتەوە بـۆ ئـاينی (زروانـی) و لەڕێـگەی موغـانی زروانـيەوە گەيشـتۆتە نـاو موغـانی زەردەشـتی، نوسـەر پێـی وايە پشـتيان بەدەقێكـی ئەفسـانەيی ئـاينی زورانـی بەسـتوە لەسـەرهەڵدانی ديـاردەكە لەنـاو ئـاينی زروانيـدا بـاس لەوە دەكـات كە هرمـزدا لەسـەر داواكـاری ئەهـريمەن هاوسـەرگيری لەگەڵ دايكـی و خوشـكەكەيدا كـردوە (١٣٧٧، ٣٩٧-٣٩٩)، دواتـريش ئەم نەريـتە تەنهـا هەر لەنـاو پيـاوانی ئـاينی زەردەشـتی(موغان) بـاو نەبـوە، بەڵكـو ئەوانەی لەدەرەوەی ئەو دەسـتەيەش بـون داكۆكيـان لێيكـردوە بـۆيە بەيەكێـک لەدابونەريتەكـانی موغـانی زەردەشـتييش دادەنرێـت كە هاوسـەرگيريان لەگەڵ دايـک و خوشـک و كچەكانيـان كـردوە، ئەمەش گـوايە وەكـو نەريتێـک لە باوانيـانەوە بۆيـان بەجێمـاوە (ويـدون گـرون، ١٣٧٧، ٣٩٩)؛ (شـهبازی، ١٣٨٠، ١٢). لەگەڵ ئەوەشـدا عەرەب زادە پێـی وايە ئامـانجی بـڵاو بـونەوەو پيرۆزكردنـی ئەمجـۆرە هاوسـەرگيريە لەلايەن موغەكـانەوە بـۆ ئەوە دەگەڕێـتەوە ئەوان كەمينەبـون، بـۆ پارێزگـاريكردن لە نەژادی خۆيـان و مەبەسـتی زيـادبونی ڕێژەيـان لەكـۆمەڵگە ئەم كارەيـان ئەنجامـداوە، بەتـايبەتيتر لەكۆتـايی دەوڵەتـی ساسـانی كە زەردەشـتيەكان مەترسـی لەناوچونيـان لەسـەر بـو وە بەشـێوەی

نیشـــتەجێبونی زۆرەملێـــی لە (ئۆردوگە)کانـــدا نیشـــتەجێکراون، بەهۆکـــارێکی دیـــکەی ئەم جـــۆرە هاوســـــەرگیریە دادەنـــرێ(Arabzadeh,2024,90) هەروەک چـــۆن نوســــەرانی دیـــکەش هەن پێیـانوایە بەهـۆی ئەو پـێگە بەرزەی موغـانی زەردەشـتی لەنـاو کـۆمەڵگەدا هەیـان بـوە، بـۆ ئەوەی تـــێکەڵ بەچینەکـــانی دیـــکەی کـــۆمەڵگە نەبـــن و ڕەگەزی خۆیـــان بپـــارێزن لە چینەکـــانی دیـــکە هاوســــەرگیریەکەیان ئەنجامـــــداوە (ویـــن گـــری، ١٣٧٧،٣٩٩؛ رضـــایی، 1384، 113)، وەک گوتراویشــە (خـوئین و دشـە) یەکێـک بـوە لەپـایە باڵاکـانی ئـاینی زەردەشـی بەڵام بەگـوتەی نوسـەر ژینیـو بێـت بـاس لەوەکـراوە کە خـودی زەردەشـت زۆر تونـد بـوە لەسـەر ئەم هاوسـەرگیریەو ئامۆژگـاری شـــوێنکەوتوانی کـــردوە کە ئەنجـــامی بـــدەن، پێیوابـــوە هۆکـــاری ســـەرەکی مـــانەوەی نەوەیەکەو خــــوێنی پـــاکی مرۆڤـــایەتیەو باشـــترین کـــاری ژیـــانە کە مـــرۆڤ ئەنجـــامی بـــدات بەهۆکـاری چاکەکـاری منـداڵانی زانیـوە(١٣٨٢، ٥٧)، بـۆیە دواتـریش شـوێنکەوتوانی هاوسـەرگیریان لەگەڵ بێگـــانەدا ڕەتکـــردۆتەوەو ڕێگەیـــان پێـــنەدراو ەو نەفرەتـــی لێکراوە،(ابراهیمـــی،١٣٧٧، ٣٠)، هەروەک چـۆن ئەم هاوســـەرگیریەش مەبەســـتێکی ئابوریشـــی لەپشـــت بـــوە، تـــا بێگانەکـــان نەبـــنە هـــاوبەش و هاوپشـــکی میـــرات و ســـامانی بەدەســـتهاتو و بۆماوەییـــان (کـــزازی، ١٣٨٤، ج٣، ١٤٨) لەئاینەکەشـدا ئامـانجی بەجـێ گەیانـدنی ئەرکێکـی ئـاینی بـوە (ابراهیمـی،١٣٧٧، ٣٠)، چـونکەئەم کـارە لەلایـــان بە پیـــرزو بـــاش دانـــراوەو پاداشتیشـــی هەبوە(کریســـتنیس:د.ت.311)، بەپـــێچەوانەی ئەم بۆچـــونەی ســـەرەوە بۆچـــونی دژ هەیە ســـەبارەت بەهاوســـەرگیریەکە بۆنمـــونە هەر عەرەب زادە ئامـــاژەی بەوە کـــردوە نەک هەر لەنـــاو کـــۆمەڵگە بەڵکـــو لەنـــاو پیـــاوانی ئـــاینی زەردەشـــتییەکانیش کەســـانێک هەبـــون دژی ئەمجـــۆرە هاوەســـەرگیریە بـــون، چـــونکە بەکردەیەکـــی ئەهریمەنیانەیـــان زانیـــوە،(٢٠٢٢، ٩٠)، لەگەڵ ئەوەشـــدا دەســـتەیەک لەتـــوێژەران هەیە پێیـــانوایە ئەم هاوســـەرگیریە لە ئاڤێســـتادا جـــێگەی نـــابێتەوە، دەبێـــت دەقە پەهلەویەکـــانیش ڕەت بکـــرێنەوە لەســـەری، پێیـــانوایە لێکـدانەوەی ئە م دەقـانە لەلایەن پیـاوانی ئـاینی زەردەشـتی یەوە بەحەزو ئـارەزوی خۆیـان و بـۆ بەرژەوەنـــدی خۆیـــان مانایـــان بەبەرداکراوە(رضـــایی، 1374، 985؛ ویـــن گـــری، ١٣٧٧، 399)، لەدەقەکـــانی ئاڤێستاشـــدا ئەم هاوســـەرگیریە ڕەتکـــراوەتەوە، بۆنمـــونە بـــاس لەوە کـــراوە، "دوای ئەوەی زەردەشـــت بەجیهـــان دا گەڕاو ڕۆیشـــتەلای (هرمـــزی خـــودا)، خوداوەنـــد پێـــی فەرمـــو. «شـــانازی بە ئـــاینەکەتەوە بـــکە و (خویـــدودە) ئەنجـــام مەدە»، زەردەشـــت بەسەرســـوڕمانەوە وەڵامـــی دایەوەو گـــوتی : کـــاری لەم شـــێوەیە لای ئـــێمە بـــونی نـــیە»(روایـت پهلـوی، ١٣٦٧، ٩-١٠)، لەوانە گرنگتـــر کە دەیســـەلمێنێت ئەو جـــۆرە هاوســـەرگیریە بـــونی نەبـــوە دەقە زەردەشـــتیەکانن کە

پێیـــان دەگوترێت(گاتەکـــان) و خـــودی زەردەشـــت نوســـیویەتی بەهـــیچ جۆرێـــک باســـی ئەم جـــۆرە هاوســـــەرگیریە نەکراوە(شـــــهبازی، 1380،21)، ئامـــــاژە بەوەش دەکرێـــــت خـــــودی زەردەشـــــت هاوســـەرگیری لەگەڵ کچێکـــی بێگـــانەدا کـــردوەو، لەهەمانکاتـــدا کچەکەشـــی بەنـــاوی (پوروچیســـتا) داوەتە کەســـێکی بێگـــانە بەنـــاوی (جاماســـپا) ئەمەش هاوســـەرگیری کەســـی یەکەمـــی ئەو ئـــاینە ڕون دەکـــاتەوە لەگەڵ بێگـــانەدا(بویس، ١٣٧٦، ٢٦١؛ کریمـــی ١٣٨٧، ٤٨٦)، دوای بـــڵاو بـــونەوەی ئـــاینی مەســـیحی و ســـەرەتای ئیســـلامیش ئەو زەردەشـــتیانەی باوەڕیـــان بەم ئاینـــانە هێنـــا ناچـــار بەوازهێنـــان و جیـــابونەوەکران کە هاوســـەرەکانیان خوشـــک و دایـــک و کچـــی خۆیـــان بـــون (spooner,1966, 51-58) لەکۆتایـــداهەرچۆنێک بوبێـــت ئەم هاوســـــەرگیریە بۆهەرچینێـــک بگەڕێتەوە بۆپاراستنی خوێنی خێزانی بوە (مظاهري،1373، 138)

## لەکۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێک:

یەکەم: بەشـێکی زۆر لە تـوێژەران پێیـانوایە دەسـتەواژەی (خـوئین و دشـە)ی ئاڤێسـتا مەبەسـت لێـی هاوســەرگیری نێـوان خزمـانی پـلە دوە نەوەک هاوســەرگیری کـردن لەگەڵ خزمـانی پـلە یەک، کە خوشک و دایک براو باوک دەگرێتەوە.

دوەم: ئەفســـانە کـــۆنە ئێرانییەکـــان ڕۆڵـــی بەرچاویـــان گێـــڕاوە لە ڕەوایەتـــی دان بە هاوســـەرگیری محاریم لە ناو شارستانیەتیەکانی ئێرانی پێش ئیسلام.

ســـێیەم: بەڕای نوســـەران ئەم هاوســـەرگیریە لەکـــۆمەڵگەی ئێرانـــی کـــۆن ڕەوایەتـــی پێـــنەدراوەو پرســـێکی بـــاو نەبـــو، ئەگەر بـــاویش بوبێـــت بـــڵاو نەبـــوە، کۆمەڵێـــک مێـــژو نـــوس و نوســـەر، کەلەســـەردەمەکەدا ژیـــاون و شـــارەزای داب و نەریتـــی کـــۆمەڵایەتی پارســـەکان بـــون و لەســـەر بـــارودۆخی کۆمەڵایەتیـــان نوســـیوە بەڵام لەســـەر ئەو جـــۆرە هاوســـەرگیریە شـــتێکی تایبەتیـــان نەنوسیوە لەوانەش (گزنەفۆن و ئەفلات ن و امیانوس و مارسیلینوس).

چـــوارەم: هاوســـەرگیری محـــاریم پرســـێکی سیاســـی و کەلتـــوری نـــاو دەوڵەتـــی ئـــیلام و هەخامەنشـــی بـــو کە لەنـــاو خێزانـــی شـــاهانەییدا ســـەری هەڵـــداوە، چـــونکە بنەمـــاڵەی شـــاهانە پیرۆزتـــرین و بـــاڵاترین چینـــی کۆمەڵگەبـــون و وەرگرتنـــی کورســـی شـــاهانەش بابەتێـــک بـــو هەمـــو کەس بەئاســـانی نەیـــدەتوانی پێـــی بگـــات، لەپێنـــاو پاراســـتنی نەژادی خۆیـــان و مانەوەیـــان لەدەســـەڵات ئەم پرســـە کۆمەڵایەتیەیـــان وروژانـــدوە، ئەم جـــۆرە لە هاوســـەرگیریە لە ســـەردەمی ئەشـــکانی و ساسانی کەمتر بۆتەوە بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتانی پێش خۆیان.

پێنجەم: هاوسەرگیریەکە ماوەیەکی دورو درێژی لەمێژوی ئێرانی کۆنی گرتۆتەوە، کە لەدوای ئیلامیەکان هەخامنیشیەکان و ئەشکانی و ساسانی و دواتریش ئاینی زەردەشتی پاڵ پشت بە لێکدانەوەی دەقە ئاینیەکان لەلایەن موغانی زەردەشتی ڕەوایەتی زیاتری بەم پرسە داوە

شەشەم: ژن بەهۆی ئەو تایبەتمەندیەی کە هەیەتی جێگەی ڕێزی زۆرێک لەگەڵ و بنەماڵە تایبەتیەکان بوە، لەتێروانینی کۆمەڵگەی ئێرانی کۆندا ژن بەسترابۆوە بەدیاردە سروشتیەکان، هەربۆیە لەلای ئەو دەوڵەتانەی هاوسەرگیری محارمیان ئەنجامدا خوێنی ژنانی دەربارو شاهانە پیرۆز بوە لایان و بەپێویستیان زانیوە، هاوسەرگیریان لەگەڵ بکەن تا تێکەڵی بێگانەکان نەبن، بۆیە لەناو دەوڵەتی هەخامنیشیدا پاڵنەری کۆمەڵایەتی و سیاسی هەبوە، چونکە پاشاکانی دەوڵەت هەوڵیانداوە هاوسەرگیری ناوخۆی لەگەڵ محاریمەکانیان ئەنجام بدەن،بەمەبەستی شەرعیەتدان بەدەسەڵات و بنەماڵەی پاشا.

حەوتەم: پیاوانی ئاینی زەردەشتی بەدرێژای مێژوی سەرهەڵدانی ئەو ئاینە تا هاتنی ئیسلام بەتەواوی پشتگیری خۆیان بۆ هاوسەرگیریەکە کردو، لەترسی لە ناوچونی ئاینەکەیان، چونکە پێیان وابو تێکەڵبونیان لەگەڵ بێگانەدا کاریگەری لەسەر کاڵبونەوەی ئاینەکەیان دەبێت، بەجۆرێک بە هاتنی ئاینی مەسیحی و ئاینی مانی لەکۆتاییی دەوڵەتی ساسانیدا، جۆرێک خواستی زیاتر لەسەر هاوسەرگیریەکە دروست بو بەهۆی ترسی پیاوانی ئاینی زەردەشتی لەلەناوچونی خۆیان و ئاینەکەیان بۆیە ناچاربون بانگەشەی زیاتری بۆبکەن، بەگشتی لەهەرسەردەمێک ئەم هاوسەرگیریە بە ئامانجێکی جیاواز ئەنجامدراوە، لەگەڵ هاتنی ئاینی ئیسلام هەڵوەشێنرایەوەو ڕێگەی پێنەدرا، بەڵام بۆهەمیشە لەناو دێڕی مێژودا مایەوە.

# Muharram marriage in ancient Iranian society from (Ilam to the end of the Sasanian Empire)

**Shalaw Mustafa Aabdalrahman[1] - Shanaz Ibrahim Mahmud[2]**

[1+2] Department of history, College of Human Sciences, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

Muharram marriage is one of the most common social and cultural issues in ancient Iranian history. It has been a subject of debate among researchers and has divided them into several

groups. There is a difference in the definition of the concept of Muharram in the civilization cultures. In the religious texts of the Avesta and Pahlavi languages, this type of marriage is known as "blood and death". It was popular among the royal family for centuries after the advent of Christianity and the end of the Sassanid Empire and later Islam, but with the advent of these two religions, it completely faded and ended. It is worth mentioning that this process was carried out under the influence of mythical and religious thoughts ،and was the reason for its spread. Each of the ancient states of Iran (Elamite, Achaemenid, Ashkanid, and Sassanid) gave it legitimacy and considered it as the reason for preserving the sacred blood and maintaining sovereignty within the royal family, their kings married their mothers ،sisters and daughters. And then with the advent of the Zoroastrian religion, Moghan of the religion, they further sanctified it and marriage was defined as "holy marriage", although mythological texts had a special influence and role in continuing this issue, although it was found out in religious texts that Zoroaster as the prophet of the religion in a conversation with the god (Ahura Mazda) considered this type of marriage inappropriate and denied it. However, religious men and legends have left an influence in the continuation of this marriage until the end of the Sassanid Empire and can be seen in ancient Iranian civilizations. The research is entitled Muharram Marriage in Ancient Iranian Society from Ilam to the End of the Sassanid Empire. It is an analytical and historical study consisting three themes (Topic 1 / A view of Muharram marriage, in general and in the myths of ancient Iran in particular. Topic 2 / Muharram marriage in the ruling states of ancient Iran (Ilam, Achaemenid, Ashkani, Sassanid), Topic 3/ Muharram marriage according to Zoroastrian religious beliefs).

Keywords: Marriage, Muharram, Achaemenid, Zoroastrian, Moghan, King.

**لیستی سەرچاوەکان:**

ابراهیمی، پریچهر(1384)، پدیدارشناسی،تهران،دبیر.

افخمی،بهروز و خسروی،زینب(1396)، پدیدارشناسی ازدواج با محارم در دورهای ایلام باستان و هخامنشی، مجلەای زن در فرهنگ و هنر، دوره9، شماره 3،صص429-451.

اموزگار، ژاله و تفضلی،احمد(1386)، کتاب پنجم دینکرد،تهران،معین.

بروسیوس،ماریا(1378)، زنان هخامنشی، ترجمه: هایده مشایخ،چاپ سوم، تهران، هرمس.

بویس،مری(1376)، زردشتیان و باور اداب دین انها، چاپ هشتم،ترجمه:عسکر بهرامی، تهران ققنوس

جعفری، علی اکبر(1378)، ازدواج با محارم در دین بهی و زرتشتی، مجله‌ای چیستا، شماره162،صص174-179.

حجازی، بنفشه(1358)، برسی جایگاه زن در عهد باستان تا پایان دوره ساسانیان، تهران، قصیده سرا.

حقیقی،مرضیه(1389)، برسی گومیچشن و ویچارشن در ازدواج های ایرانیان با نیرانیان در شهنامه، پایان نامه کارشناسی ارشد، جانشگاه مازندران.

دادگی، فرنبغ(1385)، بندهش،گزارنده:مهرداد بهار، چاپ سوم،تهران،نوس

رضایی راد محمد(1389، مبانی اندیشه سیاسی در خرد مزدایی،تهران، طرح نو.

رضایی،حسن باغ بیدی(1376)، بازتاب فرهنگ مردم سالاری در زبانهای هندواوروپای،نامه فرهنگستان، شماره 9، صص89-99.

روح الامینی، محمود(1383)، خانواده در اویتا و منابع کهن زردشتی، مجله:چیستان،شماره208،صص598-602.

زرین کوب، عبدالحسین(1390)، تاریخ مردم ایران،ایران قبل از اسلام،تهران،امیر کبیر.

ژینیو،فلیپ(1382)، ارداویزاف نامه، ترجمه:ژاله اموزگار، تهران،معین.

سامی،علی(1389)، تمدن هخامنشی،جلد2، تهران،سمت.

ستاری، رضا و حقیقی، مرضیه(1393)، نقش توتم در نفی ازدواج با محارم در ایران باستان، مجله:باستان شناسی تاریخ،دوره15،شماره 1-2، صص73-96.

سیبرت،ایلسه(1379)، زن در شرق باستان، ترجمه:رقیه بهزادی، تهران، پژوهنده.

شهبازی،علیرضا شاپور(1380)، افسانه ازدواج با محارم در ایران باستان، مجله‌ای باستان شناسی و تاریخ، دوره15، شماره 1-2، صص9-28.

طبری،ابو جعفر محمد بن جزیر(1879)تاریخ الرسل والملوک،طبع دوخویه ودیگران، حلقه1، جلد2، لیدن.

عابد دوست،حسین و کاچو پور،زیبا(1387)، مفاهیم مرتبط با نماد شیر در هنر باستان ایران تا دوران ساسانی در مقایسه تطبیقی با هنر بین النهرین، مجله:فصلنامه نگره شماره8-9، صص97-111.

علوی، هیدایت الله (1377)زن در ایران باستان، چاپ سوم، تهران، هیرمند.

فره‌وشی،بهرام(1346)فرهنگ پهلوی، تهران، بنیاد فرهنگ ایران.

کاسیرر،ارنست(1377)، اسطوره دولت، ترجمه:یدالله موقن، تهران،هرمس.

کتــابی، احمــد(1379)، زناشــوی بــا خویشــان بســیار نزدیــک در ایــران باســتان، مجله:مطالعــات جــامعه شناســی، شماره16، صص167-192.

کریمــی، زنجــانی اصــل محمــد(1377)، ازدواج بــا محــارم گمــانه‌ای در بــاب نســبتی دیرپــا، مجله:چیســتان، شــماره 156-157، صص319-330.

کزازی، میرجلالدین، (1384)، نامه باستان،جلد3،چاپ دوم،تهران،سمت.

ماری کخ، هایده(1385) از زبان داریوش، ترجمه:پرویز رجبی، تهران، نشر کارنگ.

مجید زاده، یوسف، (1384)، تاریخ تمدن ایلام، تهران، مرکز نشردانشگاهی.

مظاهري، علی اکبر(1373)، خانواده ایرانی در دوران پیش از اسلام، تهران،قطره.

مهرکی،ایــرج و غفرانــی، ارش(1393)، ازدواج مقــدس، مجــله‌ای پژوهشــنامه‌ای ادب حماســی، ســال دهــم، شــماره18، صص95-114.

هینتس، والتر(1388)، دنیایی گوشده عیلام،ترجمه:فیروز فیروزنیا: تهران،علمی و فرهنگی

وثیقی، منصور و نیک خلق علی اکبر(1390)مبانی جامعه شناسی، تهران،توتیا.

ویدن گری، گئو(1377)،دینهای ایرانی، ترجمه:منوچهرفرهنگ، تهران، اگاهان ایده.

ویسهوفر، یوزف، (1385)، ایران باستان، ترجمه:مرتضی ثاقب فر، چاپ8،تهران،ققنوس.

فردوسی، ابولقاسم.(د.ت)، شاهنامه، چاپ مسکو،همچنین چاپ خالقی مطلق: نیورک

**سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:**

الشـطری، شـاکر مجیـد ناصـر(2015)،تـاریخ الامبراطوریـة الفارسـیة القدیمـة ومراحـل حکمهـا فـی العـراق القـدیم قبـل المیلاد،ط1، المنشورات مکتبة العبید، بغداد

حسمنی بدر عبداللة(2020)، نظام الاسرة فی مصر القدیمة، کلیة الحقوق، جامعة المنوفیة.

حمـادی صـباح الجاسـم(د.ت) الجـذور التاریخیـة لنظـام الـزواج فـی وادی رافـدین، مجلـة کلیـة الاداب، العـدد 102، کلیـة تربیة ابن رشد، جامعة بغداد.

حمـد بـن حـدحوم و بـوبکر مریقـی (2023)، دور الملکـات فـی الوراثـة وانتقـال العـرش فـی مصـر القدیمـة فـی بدایـة الدولة الی النهایة الدولة الحدیثة، مجلة افاق العلیمة، ا مجلة 15، لعدد 02، جامعة الاغواط.

حندوسه تحفه احمد(2003) الزواج والطلاق فی مصر القدیمة، القاهرة.

سعدالله محمد علی(1988)، الدور الساسی للملکات فی مصر القدیمه، مؤسسسة الشباب للجامعة، الاسکندریة.

سليمان عامر(2020) بلاد عيلام و علاقتها بالعراق القديم، د،م.

كانجيك ايفاو شباوم كير،(2008) تاريخ الاشوريين القديم،ترجمه: فاروق اسماعيل، دار الزمان،دمشق.

صالح عبدالعزيز، مختار جمال، بكر محمد ابراهيم، نصحى ابراهيم، القاضى فاروق، (1997)، موسوعة التاريخ مصر.عبر عصور، تاريخ مصر القديمة. الهيئة المصرية العامة للكتاب،القاهرة.

طبرى،ابي جعفر محمد بن جرير(2001)،تفسير الطبرى جامع البيان فى تفسير القرأن، جزئ 4، مركز البحوث والدراسات العربية الاسلامية، هجر لطباعة والنشر، القاهرة.

السعد، بدر،2020 احمد لفتة رهمة القصير، فرقان علاءالدين، مضامين الاصلاح في حضارة وادى الرافدين" اصلاحات ملك السوممرى اورو-انمكينا(2355-2357"نموذجا"، جامعة القادسية، كلية الاثار.

كريسنتس ارثر،(د.ت)، ايران فى عهدالساسانيين، ترجمة/ يحيى الخشاب، عبدالوهاب عزام، دار النهضة العربية، بيروت

محمد علي الصافوري تاريخ القانون للمصري 2007، دار النهضة العربية للنشر والاوزيع، بيروت.

هاشمي رضا (1971) نظام العائلة في العهد البابلي القديم، بغداد.

يونس، وسنا حسون(2012، اهمية الدم الملكي في انتقال العرش في المصر القديمة مجلة سر من رأي المجلد8 ، العدد 30،جامعة سامراء، العراق.

## سەرچاوە كوردییەكان:

رضا، هاژە عبدالجبار و احمد، كۆزاد محمد (2023)، بارودۆخی سیاسی ئەدیابین لەسەردەمی ئەشكانیدا، گۆڤاری زانكۆی گەشەپێدانی مرۆیی، سالّی نۆیەم، بەرگی ژمارە 4،ل74-81.

هێرۆدۆت(2013)، مێژوی جەنگی پارسەكان، بەرگی یەكەم، وەرگێرانی لە یۆنانیەوە: علی فەتحی، هەولێر، خانەی موكریان.

غەفوری، ڕێزان قادر.(2014)، شاژنە هێلینا ئەستێرەی درەوشاوەی مێژوی ئەربێلا و ئەدیابین، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە 8، سالی هەشتەم،ل 32-38.

ئابادانی عبدالله موبلغ و(2002) مێژوی ئاینی زەردەشت، وەرگێرانی وریا قانیع، سلێمانی

Arabzadeh Sarbanani، M. (2024). A Review of Incestuous and Close-Kin Marriage in Ancient Egypt and Persia. *Ancient Iranian studies*, *3*(8), 89-93.

Ardola. A.(1988), The coming of Aryans to iran and india ”The cultural and ethnic identity on the DASAS, 64:pp194-302.

Kent,R.G,(1953), Old persion (Gaermmer ,Texts, Lexicon), New Haven.

Klapproth,Karaka Margarete.(1988), Prpsopographische Studien Zut Geschichts Des Partherneiches. Auf Der Grundlage Antiker Literarischer Uberlieferungen, Bonn.

Minns, Elias.(1915), ”Parchments of the Parthian Period from Avroman in Kurdistan, journal of the Hellenic Studies Vol35, pp22-65,

Spooner, B. (1966) ‘Iranian Kinship and Marriage’, Iran, 4(1), pp. 51–59.

Moosavi, Jashni, s,s And Kasrai M.S.(2010), ”Geopolitacal Elemets of oplitical Legitimacy in the Bisitun Inscription” Geopolitics Quarterly ,vol 6, No4 , pp:139-153.

Warter, M.(2011), ”parsumas Ansan , and Cyrus , Meeting of American Schools of Oriental research” , Heldin Philadelphia:pp283-296.

West, E.W.(1892), ”the meaning of khvetuk or khvetudad-das” Pahlavi texts II, Oxford.

Agathias, (1975), the histories tr:G. D. frendo, berlin, New York.

Widenemann, T. E.J.(2008), ”tiberius to nero”,in cambrigde ancient history, 2nd ed.,vol.X.

Berve , helrmut.(1926), das alexanderreich oh prosopographischer , grundjage, munich

Braun, o.(1900) , das buch der synhados , Stuttgart.

Hoffmann, g.(1880), auszuge aus syrichen akten persidcher, martyrer, Leipzig.

Hubschmann, h.(1889), ”uber die persidcher verwantenheirath” zeitscherift deutschen morgenlandischen gesellschaft,with a note by E.Kuhn.

Marquart, j.(1901), Erashhr nach der geographie des ps. Moses Xarenas , Berlin.

## پەراوێزەکان

---

[1]. **ئاینی زەردەشـــتی**: دەگەڕێتەوە بۆدامەزرێنەری ئاینەکە بەناوی زرادەشـــت کە لەســـاڵی 660 پ.ز لە دایک بوە، لە ناوچەیەکی کوردســـتان لە شـــاری ورمێ ی ســـەر بەخێڵی ســـپیتەمانة ســـەرەتاو کۆتایی ئاینەکە بەخودی زەردەشـــت بەســـتراوەتەوە، بانگەشـــی پەیامبەر بونی خۆیکردوە، داوای لەخەڵک کردوە شـــوێنی بکەون، بەشـــێوەیەکی گشـــتی بنەمای ئاینەکەی چاکەو خراپە بو واتا شـــوێنی بکەون لەچاکەو نەهی لەخراپە بکەن، ئاهورامزدا خواوەندی ســـەرەکی ئاینەکە بوە کە ڕێنماییی و پەرجوەکانی لێوەی وەرگرتوە وە خاوەنی پەرتوکی خۆی بوە بەناوی ئاڤێستا کە ســـەرجەم بنەماکانی ئاینەکەی و ئەو گاتانەی لە خواوەندەوە وەریگرتون تێیدا نوســـراوەتەوەو بەکتێبی پیرۆزی زەردەشـــتییەکان ناســـراوە ئاینەکە لە سەردەکی ئیمپراتۆریەتی ساسانیدا بوەتە ئاینی ڕەسمی دەوڵەتەکە. بۆزیاتر بروانە:(ئابادانی، 2002، 50 و دواتری)

[2].**وڵاتی عیلامی کۆن** دەکەوێتە هەرێمی عەرەبســـتانی ئێســـتا، بەدیارکراوی دەکەوێتە دیوی باشـــوری ڕۆژئاوی ئێران واتا هاوسـنور بوە لەگەڵ وڵاتی سـۆمەرو ئەکاد، خاوەن دەشـتی فراوان بوەو بەشـیکی شـاخاویی هەبوە کەوتۆتە ڕۆژهەڵات و باکوری دەشـــتەکانی، ســـۆمەریەکان ناوی (NIM)یان بۆ بەکارهێناون کە بەواتای شـــوێنی بەرز هاتوە و خوشـــیان واتا عیلامیەکان دەســـتەواژەی خاتا متی (HATAMATI)یان بۆ وەڵاتەکەیان بەکارهێناوەو ئێرانیەکانیش عەرەبســـتانیان بۆ بەکارهێناون و یۆنانیەکانیش وشـــەی ســـوســـیانەیان بۆ پایەتەختەکەیان بەکارهێناوە ســـوســـە یان شـــوشـــەش ناوی براوە،

لەهەزارەی سێیەمی پ.. وەک یەکێک لە ئیمپراتۆریەتە گەورەکان لە شانشینی ئێران دەرکەوتن و ڕۆڵێکی سیاسی و شارستانیی بەرچاویان لەناوچەکەدا هەبوە، بەتایبەتی پەیوەندییە سیاسییەکانیان لەگەڵ سۆمەرو دەوڵەتە یەک لەدوای یەکەکانی دیکەی عێراقی کۆن(سلیمان، 2020، 169 وما بعدها).

[3]. **هەخامنیشی**: دەوڵەتی هەخامەنشی لەساڵی 550پ.ز لەلایەن کۆرشی گەورە دامەزرێنراوە، هەخامەنشییەکان دوای سەرکەوتنیان بەسەر مادەکاندا توانیویانە بناغەی دەوڵەتێکی بەهێز و فراوان لە ڕۆژهەلات دابمەزرێنن لەدوای مادەکان لە ماوەیەکی کورتدا توانیویانە ئاسیایی بچوک کە دەوڵەتی لیدی تێیدا باڵادەست بو هەروەها بابل و میسریش داگیربکەن و بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵاتی کۆن بخانە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە لە دەریایی ڕەشەوە تاکو هیندستانیان خستۆتە ژێر دەستیان، ناوەندی دەسەڵاتی پاشایانی هەخامەنشی لە باشورو باشوری خۆرئاوای ئێرانی ئێستا و بە دیاریکراوی لە شاری شیرازی ئەمڕۆ بوە ناوی دەوڵەتەکەیان بۆ ناوی باپیرەگەورەیان دەگەڕێتەوە بەناوی (هەخامەنش) ئەم دەوڵەتە بەردەوامی هەبوە تا ساڵی 331 پ.ز ئەو کاتەی ئەسکەندەری مەکدۆنی هێرش دەکاتە سەر خۆرهەلاتو ڕوبەڕەوی دوایین پاشای هەخامەنشیەکان دەبێتەوە بە ناوی (داریوشی سێیەم336-330پ.ز) و لە شەڕی گۆکامێلا و دەتوانێ زاڵبێت و دەوڵەتی هەخامەنشی لەناو بەرێت.(بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:سامی، 1389، ج1+2)

[4]. **ئەشکانی** :مێژونوسانی خۆرئاوایی بە ئیمپراتوریەتی پارسی ناوی دەبەن لە نێوان ساڵانی 247پ.ز تا 224ز یەک دەسەڵاتی سیاسی و بەهێزی ڕۆژهەڵاتی کۆن بوە نزیکەی 271 ساڵ بەشێکی گەورەی خۆرئاوای ئاسیاو ئاسیای ناوەڕاستی خستبوە ژێر قەڵەمڕەوی سیاسی خۆی، ئەم دەوڵەتە لە سەدەی سێیەمی پێش زاین لە لایەن (ارشک) ڕابەری هۆزی (پرنی) دوای یەکگرتنی لەگەڵ کۆمەڵێ هۆزی دیکەی ناوچەکە دژی سلوکیەکان یەکیانگرت و دەوڵەتی ئەشکانیان دامەزراندو کۆتاییان بە دەسەڵاتی سلوکیەکان هێنا، ئەوەی جێگەی سەرنجی مێژو نوسانە سەیارەت بە دەوڵەتی ئەشکانی ئەو سیستەمە (لامرکزی) یەیە کە پاشایانی ئەشکانی لە بەڕیوەبردنی وڵات پەیڕەوییان کرددوە، ئەم دەوڵەتە بە گشتی پێکدەهات لە کۆمەڵی هەرێمی جیایا کە هەریەک لەم هەرێمانە لەلایەن پاشایانی ئەشکانی دەسەڵاتێکی نیمچە سەربەخۆیان پێدرابو لەژێرچاودێری پاشایانی ئەشکانی هەربۆیەشە مێژونوسانی ئیسلامی بە (ملوک طوايف) ناویدێنن، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەشکانیەکان بڕوانە (پیرنیا،حسن، 1389، تاریخ ایران قبل از اسلام، نیلوفر،قم ص75 بۆ دواتر).

[5]. **ئیمپراتۆریەتی ساسانی** کە پێشی دەگوترێت چوارەم دەوڵەتی فارس، بە یەکێک لە ئیمپراتۆریەتە گەورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست دادەنرێت و لەچارەگی یەکەمی سەدەی سێیەمی زایینیەوە تا ناوەراستی سەدەی حەوتەمی زاینی درێژەی کێشاوە، ئەم دەوڵەتە لەئەنجامی ململانێی ناوخۆیی سەرۆک هۆزو دەستڕۆیشتوەکانی کۆتاییەکانی سەردەمی ئەشکانی لە ساڵی 224 پەیدابو، لەسەردەستی ئەردەشێری کوری بابک، لە ساڵی 651زاینی کۆتایی بەدەوڵەتەکە هاتوە(الشطری,2015،ص17).

[6]. **ئاشورییەکان**: زاراوەی وڵاتی ئاشور بە شێوەیەکی گشتی لە ڕوی زمانەوانی و چوارچێوەی جوگرافییەوە بەشێک لەنیشتمانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەگشتی و بەدیاریکراویش وڵاتی ڕافدەین (وڵاتی دو ڕوبار) دەگرێتەوە،کە دەکەوێتە بەشی باکوری ئەو ناوچەیەی کە ڕوباری دیجلەو فورات پێیدا تێپەر دەبێت، توانیان هەر لەسەرەتاوە کیانێکی سیاسی بە هێز و خاوەن ناوەندی گەورە لە ناوچەکەدا دروست بکەن، لەدوای هاتنە سەردەسەلاتیان لە هەزاری یەکەمی پ.. سنوری دەسەلاتیان فراوان بو چەندین داگیرگەی بازرگانیان، لە سوریاو دەوروبەری دروستکرد (کانجیبک، شباوم، 2008، 10 وما بعدها)

[7]. **ئاناهیتا:** ژنە خوداوەندێکی ئێرانی کۆن بوە ئەم خوداوەندە لە ئاڤێستادا باسی لێوە کراوەو ستایش کراوە، وەها پێناسە کراوە ئاناهیتا ڕێنمونیکەر و پارێزەری تەواوی ئاوی پاکی ڕوبارو کانیاوەکانی جیهانە هەروەها وەها وەسفکراوە کە خاوەن جوانیەکی باڵاو هۆشمەند و نیشانەیەک بوە بۆ پاکی و ئاوەدانی و ژیان و جوانی، بەرپرسی یەکەمی یەکێک لە ڕەگەزە

ســـەرەکیەکانی ژیانە کە (ئاو)ە ئەم ژنە خوداوەندە پەرســـتگای تایبەت بەخۆی لە ســـەردەمی دەوڵەتی هەخامنشـــی بۆ دروستکراوە لەدیدی شوێنکەوتوانی ناوبراو جگە لە ئاوی پاک ڕزق و ماڵ و سامانیش لە دەستی ئەوە.
بۆزانیاری زیاتر لەسەر ئاناهیتا بڕوانە (ملازادە، 1397، 7-45)

[8]. **ئاینی میترای**: یەکێک بوە لە ئاینە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی دێرین و لە پێش ئاینی زەردەشتی هەبوە ئەم ئاینە لە دوای هاتنی ئاینی زەردەشـــتی وەک ئاینی فەرمی نەماوە لە ناوچەکە باڵام کاریگەری و پیرۆزیەکی گرنگی لای گەلانی ڕۆژهەڵات و و زەردەشـــتییەکان بە جێهێشـــتوە.یەزدانی میترا بە خوداوەندی پەیمان-ڕوناکی و جەنگاوەری- داوێنپاکی پێناســـەکراوە میترایەکان خۆریان بە پیرۆز زانیوە، شـــوێنکەوتوانی ئەم ئاینە پێیان وایە میترا دوای مردنی ڕوحی دەچێتە ناو خۆرەوە و بۆیە شوێنکەوتوانی خۆریان لا پیرۆزە، هەرچەندە میترا خوداوەندی هاوبەشی گەلانی ڕۆژهەڵات بوە لەگەڵیشیدا کاریگەری هە بوە لەســەر ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانی و، لە دیدی میترایەکان مهر خوداوەندی ڕوناکییە و دەســەڵاتی بەســەر هەمو جیهاندا هەیە ئەم خوداوەندە چەند فریشــتەیەکی هەیە و بە هەریەکەیان ئەرکێکی پیســپاردون، بەهەمان شــێوەی زەردەشــتییەکان بڕوایان بە بیری چاک و وتەی چاک و کرداری چاک هەبوە. بڕوانە: (کومن،فرانتس.(1383)، ایین پر رمز و راز میترایی، ترجمە:هاشم رضی، تهران،بهجت)